# کۆنگره

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە ٤٠ – نەورۆزی ٢٧٠٧ی کوردی

خەبات لەپێناو وڵاتێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 40, March 2007


# "جیژنی نەورۆز پیرۆزبێت!"

## ئەگەری لێدانی گورزی سەربازی لە ئێران و، سەرلێشێواوی و ناتەبایی حیزبەکانی رۆژهەلات!

سەرکێشی و ملنەدانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەرداخوازیی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی سەبارەت بە پرۆژە ئەتۆمییەکەی، رۆژ لەدوای رۆژ، رەوت و قەیرانی نێوانیان، بەرەو گرژبوونی زیاتر و سازبوونی جەنگێکی دیکە لە کەنداو دەبات.

رژێمی ئێران، گەورەترین پشتیوان و پاڵپشتی تێرۆریزمە لەجیهان. دەوڵەتی تێرۆریستی ئێران، هەموو ساڵێک بە هەزاران چەک و کەرستەی جۆراوجۆری جەنگی و بە سەتان ملیۆن دۆلار دەنێرێت بۆ حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس و جیهاد ئیسلامیی لە فەلەستین و موقتەدا سەدر لە عێراق و، رێکخستنەکانی سەر بە سوپای پاسدارانی ئیسلامی "بۆ ل٩"



## پەیامی رێزدار دوکتۆر جەواد مەلا، بەبۆنەی هاتنی جێژنی نەورۆز و ساڵی نوێی کوردەوارییەوە!

"لاپەرە ٢"

## دوکتۆر جەمال رەشید:

### گوتوبێژ. سەبارەت بە مێژووی رۆژهەڵاتی کۆن و مێژووی زمان ............................................ "ل ٦"



## دوکتۆر ئیسماعیل بێشکچی:

### وتەیەکی کورت سەبارەت بە رۆناکبیرانی کورد!

"ل ١٤"


*- نامەی دوکتۆر جەواد مەلا، بۆ سەرۆکوەزیری بریتانیا ..... ل ١١

*- پەیامی پیرۆزبایی کۆمیتەکانی کۆنگرە، لەنیوخۆ و لە دەرەوەی وڵات، بەبۆنەی جێژنی نەورۆز و ساڵی نوێوە .............. ل ١٢

*- ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەروانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە ....................... ل ٢٥

*- نامەیەکی سەر ئاواڵە بۆ .............................. ل ٢٨

*- بەیاننامەی ماڤناسان و، رۆناکبیرانی رۆژهەڵات ........ ل ٢٩




مامۆستا محەمەد شەیدا:

### کۆمەڵکوژی و سووتاندن

"ل ٢١"



شیلان شۆرش:

### پەیامی ٨ی مارس (رۆژی جیهانیی ژنان)

"ل ٤"



سیروان کاوسی:

### "هەڵەبجە" و، پەیماننامەکانی تایبەت بە هۆلۆکاست و جینۆساید

"ل ١٦"

## هاونیشتمانانی هێژا!
## گەلی قارەمان و نیشتمانپەروەری کورد!

نەورۆز و ساڵی نوێ لە بنەماڵەی شەهیدان و، لە هەموو هاوبیران و، تێکڕای نەتەوەی کوردمان پیرۆز دەکەم. هیوادارم ساڵی ٢٧٠٧ ی کوردیی، ساڵێکی پڕ لە خێر وخۆشی بێت بۆ هەمووان و، هەروەها ساڵی گەیشتن بە ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت!

هاوولاتیانی بەڕێز!

ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابوردووی عێراق و باشووری کوردستان، بە باشی و، بەڕوونی پێشانیدا، کە ئازادی و مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا دابین ناکرێت. ئازادی و جێبەجێبوونی مافی سیاسی و نەتەوەیی کورد، تەنیا لە کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد دا دابین دەکرێت.

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، هەر لەیەکەم ڕۆژانی دامەزرانییەوە تا بە ئەمڕۆ، چ بە نووسراوە و، چ بە ڕێگەی رادیۆ و، بڵاوکراوەکانی دیکەیەوە، بەردەوام ڕایگەیاندووە کە گرێدانی خەباتی نەتەوەی کورد بەچوارچێوەی سنووری داگیرکەرانی کوردستان، لەلایەن حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانەوە، هەڵەیە و ڕێیەکی چەوتە و، زیانی گەورە بە کێشەی کورد و، بە بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دەگەیەنێت. بەتایبەتیی، لەماوەی سێ ساڵی ڕابوردوودا، هەوڵی زۆرماندا تاکو سەرکردەیەتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان، لەو ڕاستییە بگەیەنین کە باوەڕ بە وادە و، بەڵێنی درۆی تاقم و دەستەکانی عەرەبی شیعە و سوننە نەکەن و، لەباتی سازکردنەوەی دەولەتی ڕووخاو و، سوپا و ئابووری و سیستەمی سیاسی و، جوگرافیای هەڵوەشاوەی عێراق، با هەوڵبدەن بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەکەیان لەبندەستی و، بەریگەی ڕاپرسیی، سەربەخۆیی کوردستان بهێننەدی، کە سەتان ساڵە کورد قوربانیی بۆ دەدا و، ماڵ و سامانی وێراندەکرێ. بەڵام سەرکردەیەتیی کورد لە باشوور، بێگوێدانە داوای دڵسۆزانەی ئێمە و، نیشتمانپەروەرانی کورد، درێژەیان بە سیاسەتی خۆیاندا و، بەردەوام ڕایاندەگەیاند: "لە عێراق جیا نابنەوە و، کار بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و، دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی لەگەڵ برا عەرەبەکانیان دەکەن!!".

وادەبینین، ئەوڕۆکە، کاربەدەستانی عەرەب لە بەغدا، لەپاداشی ئەو دڵسۆزییە بێوێنەیەی یەکێتی و پارتی لەگەڵیان، دژایەتیی کورد دەکەن و، لەبەرامبەر مادەی ١٤٠ی کەرکووک و، گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی باوباپیرانیان و، ناردنی بووجە و سووتەمەنی و پێداویستیی خەڵک بۆ کوردستان، سستی و کارشکێنی دەکەن. ئەمەش لە کاتێکدا دەکەن کە هێشتا کۆنترۆڵی کۆڵانێکی بەغدایان بەدەستەوە نییە، جا ئەگەر بێتو دەسەلاتی هەموو عێراق بەتەواوەتیی بکەوێتە دەستیان، دەبێ چ خەونێک بۆ کورد ببینن.

زۆر مخابن، حیزب و پارتە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، زۆربەیان بەلاساییکردنەوە لە یەکێتیی و پارتیی، درۆشمی فیدراڵییان هەڵبژاردووە لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا و، لەنێوخۆشیاندا و لەگەڵ یەک ناکۆک و ناتەبان و،سەرقاڵی شەڕی دەسەڵات و، دژایەتیکردنی یەکدین. ئەوەش بێگومان لە نەبوونی بیروباوەڕی نەتەوەیی و بیری سەربەخۆییخوازییەوە سەرچاوە دەگرێت. لەبەر ئەوە، وەک هەمیشە، داوا لە سەرجەم حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیی دەکەین لە سەرتاسەری کوردستان، لەم بارودۆخە مێژوویی و هەستیارەی ئەوڕۆی کورستان و نێوچەکەدا، یەکبگرن و، هەموو پێکەوە کار و خەبات بکەین بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەمان لە کۆیلەتی و بندەستیی.

## خوشک وبرایانی ئازیز!
## گەلی ئازا و دلێری کورد!

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لەدرێژەی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی خۆیدا، ماوەی پتر لە ٢ ساڵە، حکوومەتی ڕۆژاڤای کوردستانی لە تاراوگە دامەزراندووە و، لەئالی نێودەوڵەتییەوە، خەباتی بەردەوام دەکات بۆ بەرەسمی ناساندنی حکوومەتی ڕۆژاڤای کوردستان. هەروەها لە کۆنگرەی پێنجەمی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٧/٣٠ بەڕێوەچوو، پێشنیازی دامەزراندنی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان – لەتاراوگە، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا. بەدەیان کەسایەتی و، مافناس و سیاسەتکاری خاوەن ئەزموونی نەتەوەکەمان، لە پێشخستنی بوارەکانی ئەو پرۆژە پیرۆزەدا خەباتی بەردەوام دەکەن. جێگەی دڵخۆشییە کە لاوان و تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان، هەموو ڕۆژێک لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە، لە شار و شارۆچکە و گوندەکانەوە، پێوەندیی بە ڕادیۆ ڕۆژاڤا و، دەزگەکانی دیکەی کۆنگرەوە دەگرن و، ئامادەیی خۆیان بۆ خەبات لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا دەردەبڕن. بێگومان ئەوەش نیشانەی پێشوەچوونی ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەییە لە نێو کۆمەڵانی گەلی کورددا. کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بۆ ڕزگارکردن و بەختەوەری و ئازادی و سەرفرازیی کورد و کوردستان دامەزراوە و **"بۆ لاپەڕە ٣"**

### "ماوەی پەیامی سەرۆکی کۆنگرە"

ئەرکی سەرشانی هەر کوردێک و هەموو کوردستانییەکە، لەو خەباتە پیرۆز و مرۆڤی و مێژوویەدا بەشداری بکات.

جارێکی دیکەش جێژنی نەورۆز لە تێکڕای گەلی کورد پیرۆزبایی دەکەم، هاوکات دەبێ ئەو راستییەش بزانین،جێژنی نەورۆز و، جێژنی راستینەی کورد، ئەو رۆژەیە کە، کوردستان بە ئازادی وسەربەخۆیی شاد دەبێت! ئەو رۆژەیە، کە داگیرکەرانی خوێنرێژ و، دڕندەی ترک و عەرەب و فارس لەنیشتمانی خۆشەویستمان، کوردستان دەردەکرێن و، نەتەوەی کورد لەبندەستی و، کۆیلەتی رزگاری دەبێت! تا ئێمەی کورد، وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان، نەبینە خاوەنی ئاڵا و دەوڵەت و، خاک و نیشتمانی خۆمان، رووی شادی و، خۆشی بە خۆمانەوە نابینین. لەبەر ئەوە، پێویستە ئامانجی سەرەکیمان لە بەڕێوەبردنی هەموو بۆنە و یادکردنەوە و، جێژنێکی نەتەوەییمان، بە ئامانج و بیری گەیشتن بە رزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت.

**بژی نەورۆز. بژی سەربەخۆیی. بژی کوردستان!**

**برای دڵسۆزتان:**
**دوکتۆر جەواد مەلا**
**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
**نەورۆزی ٢٦٠٧ی کوردی – مارچی ٢٠٠٧ی زایینیی.**

---

# "حیزبایەتی و کوردایەتیی"

..... زۆربەی زۆری ئەو حیزبە کوردییانەی لەپاش کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دروستبوون، کەسەرەتاکەی بە پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ دا دەستییپێکرد، نە بەتەواوەتیی کوردستانین و نە بە تەواوەتیی حیزبی ئەو دەوڵەتەن کە ئەو پارچەیەی کوردستانی داگیرکردووە. ئەمەش زیانێکی گەورەی بەو حیزبانە خۆیان و بەسەرجەمی بزووتنەوەی کوردایەتیش گەیاندووە. دیارە هۆی ئەوە کە ئەم حیزبانە خۆیان بە حیزبی "کوردستانی عێراق" یان "کوردستانی ئێران" یان "کوردستانی ترکیا" یان "کوردستانی سووریا" دەدەنە قەلەم، بەشێکی لەترسی ئەوەیە کە نەک بە "جیاوازیخواز" بدرێنە قەلەم. بەڵام بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە داگیرکەرانی کوردستان کە هەموو – وەک گوتمان – رژێمی دیکتاتۆر و میلیتاریست و تۆتالیتێرن، هەروەها هەموو ئەو حیزب و کۆمەڵە عێراقی و ترکیایی و سووریایی و ئێرانییانەی ئەو وڵاتانە، تەنانەت ئەوانەی کە لەسەر کاریش نین، یان حیزبی بەرهەڵستکاری رژێمەکانیانن، ئەوجا چەپەکانیشیان و کۆمۆنیستەکانیشیان، لەگەڵ ئەوانیش، ئەو حیزبە کوردییانەیان هەر بە "جیاوازیخواز" و "کلکی ئیمپریالیزم" داناوە و دادەنێن. جا ئەم حیزبە کوردییانە، چۆنکە خۆیان تەنێ بە حیزبی ئەو بەشە کوردستانە دادەنێن کە بەستراوە بەو ولاتەوە، نەک بە حیزبی دەوڵەتەکە هەمووی، (واتە بابڵێین حیزبێکی عێراقی، یان ترکیایی، یان سووریایی، یان ئێرانیی)، ئەوا دیارە ئەمانە هەر لەسەرەتاوە و بەدەستی خۆیان، خۆیان گچکە دەکەنەوە و خۆیان دەکەنە حیزبی پارچەیەک و بەمەش خۆیان بە حیزبی "کەمایەتییەک" دەدەنە قەڵەم و رێچۆڵدەکەن بۆ دەستڕۆیشتووان و بەرهەڵستکەرانی گەلی سەردەستە، تا یاری بەچارەنووسی ئەوانیش و کوردیش بکات. ئەمەش مانای وایە ئەم حیزبە کوردییانە هیچ کاتێک و لەهیچ دەوڵەتێک لەم دەوڵەتانە کە کوردستانیان بەشکردووە، رێی ئەوەیان نابێ کە بێنە سەر کاری فەرمانڕەوایی. واتە ئەو دەورەی ئەمانە دەیبینن لەشەڕی چەکداری و رامیاریدا، هۆیەکە بۆ بێهێزکردنی رژێمی فەرمانڕەوا و پێکهێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ بەرهەڵستکەرانی رژێمی سەردەستە کە بکەونە چاو و ڕاو و کەینو بەین و بەهاسانی بێنە سەرکار و، ئەوجا بکەونەوە شەڕی کورد و بەمە دۆزی کورد وەک "کورتانەکەی جەجاڵ" هەموو جارێ، دەبێ لەسەرەوە بدوورێتەوە....

**نووسینی: پرۆفیسۆر دۆکتۆر جەمال نەبەز**
**پەرتۆکی "ناسنامە و کێشەی ناسیۆناڵی کورد"**
**(لاپەڕە ١٩٣ – ١٩٤)چاپی ٢٠٠٠ی زایینیی – لەندەن.**

# "٨ی مارس"
# رۆژی جیهانیی ژنان پیرۆزبێت!

**بەبۆنەی هاتنی "٨ی مارس"، رۆژی جیهانیی ژنان، پیرۆزبایی لە ژنانی جیهان بە گشتی و، ژنانی چەوساوەی و مافپێشێلکراوی کورد بەتایبەتیی دەکەین!**

بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و، سیستەمی سیاسی و حکوومەتی لە رۆژهەڵاتی ناڤین، لەوانە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، کۆسپی گەورەی لەبەردەم مافەکانی ژناندا پێکهێناوە. پاشکەوتووی و بیری کۆنەپەرستانە و، نەبوونی یاسایەکی هاوچەرخانە لەنێو وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، بە درێژایی سەدان ساڵ، کاریان کردووەتەسەر شێواندنی بنەمای فەرهەرنگ و، شارستانییەتی کۆن و هەزاران ساڵەی کورد، بە جۆرێک ئەرۆکە نایەکسانی و چەوساندنەوەیەکی زۆر بەرامبەر چینی ژنان، هەموو کۆمەڵگەی کوردەواریی گرتووەتەوە.

هەر لەسەرەتای بزاڤی رزگاریخوازانەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، کە بەسەرەتای بزاڤی نوێی رزگاریخوازانەی کورد دەژمێردرێت، تا بە ئەمرۆ، گەلی کورد بەدەیان راپەرین و شۆرشی گەورەی بەرپا کردووە. بەدرێژایی ئەو دەیان و سەدان ساڵە، چینی ژنانی کوردەواریی،شانبەشانی پیاوی کورد، بوونەتە پێشمەرگە و، لەبەرامبەر هێرشی داگیرکەراندا، پارێزگارییان لە خاک و نەتەوەکەیان کردووە و، لەو رێگەیەدا بەهەزاران ژنی قارەمان لەسەنگەری بەرگریدا شەهیدکراون. بەهەزاران ژنی کورد، بەدرێژایی راپەرینەکان، بەهۆی ئەنجامدانی چالاکی سیاسی و نەتەوەییان لەلایەن داگیرکەرانەوە، گیراون و، ئەشکەنجە و گوللەباران کراون. نەهامەتی و ئەنفال و کۆچ ورەویان بەسەر هاتووە. کیمیابارانکراون و، کۆرپە و رۆڵە و ئازیزانیان لەدەستداوە، ئەرکی نێوماڵ و منداڵبوون و، پەروەدەکردنی منداڵیان بەئەستۆ گرتووە، سەرباری ئەمانەش، لەلایەن هاوسەر و برا و باوک و چینی پیاوانی کوردەوارییەوە، بەرامبەریان ناحەقی کراوە و، کەسایەتییان پێشێلکراوە.

چینی ژنانی کورد، دووجار زیاتر لە پیاوی کورد کەسایەتیی ژێرپێ خراوە، جارێکیان بەهۆی کوردبوونییەوە و، جارێکی دیکەش لەلایەن چینی پیاوانەوە، سووکایەتی و بێرێزی پێدەکرێت و، بەچاوی نزمەوە تەماشا دەکرێت. واتە ئەو هەموو چەرمەسەری و کوێرەوەرییانەی بەسەریهاتوون، بە هیچ شێوەیەک نەبوونەتە هۆی باشتربوونی پێگە و رێزی کۆمەڵایەتیی ژنان. بە پێچەوانەوە، رۆژ لەگەڵ رۆژ، چەوساندنەوە و یاسا و داونەریتی دواکەوتووانە بەرامبەر ژنان، پتر لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا جێدەکەوێت. زۆر بەداخەوە، ژنان وەک دوارێگەچارە بۆ دەربازکردنی خۆیان لەدەست مەینەتی و زوڵم و زۆری داسەپاو، پەنادەبەنە بەر خۆسووتاندن. جگە لەوەش، ماوەیەکە دیاردەی دڕندانەی ژنکوژیی بەبیانووی شەرەف وناموسەوە، لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەتیی لە باشوور ولەژێر سێبەری حکوومەتی کوردیدا، برەوی پەیدا کردووە.

زۆر بەداخەوە، لە باشووری کوردستان، جار جارە گوێبیستی ئەوە دەبین، مەلای گوندێک یان سەرۆک عەشیرەتی هۆزیک، سەربەخۆ و، بێگوێدانە یاسا و دەسەڵاتی کوردیی، فتوای کوشتن و، سزادان بەرامبەر ژنان دەردەکەن. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە پارتی و یەکێتیی هێشتا نەیانتوانیوە حکوومەتێکی راستینەی کوردیی دابمەزرێنن.




بێگومان، هۆکاری سەرەکیی دواکەوتوویی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ پێرەوکردن سیاسەت و فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی داگیرکەرانی کوردستان، کە بەردەوام هەوڵیانداوە کۆمەڵگەی کوردەواریی لە پاشکەوتوویی و نەزانیدا بهێڵنەوە و، رێی پێشکەوتنی لێبگرن، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر

بچێت کە لایەنی خۆیی، لەمانەوەی ئەم بارودۆخە دواکەوتووانەدا دەوری هەیە. بۆ نموونە بەدەیان ڕێکخراوەی ژنان، لەلایەن حیزب و پارتە سیاسییەکانی کوردستان، بە ئیسلامی و کۆمۆنیست و دیمۆکراتەوە، بەنێوی (یەکێتیی ژنان) و (یەکێتیی ئافرەتان) و .. هتد، دامەزراون کە ئەمانە هێندەی دیکە کێشەی ژنی کوردیان ئاڵۆزتر کردووە. هێندەی دیکە بوونەتە هۆی سەرلێشێواوی و لاوازکردنی چینی ژنان. چۆنکە سەرکردەیەتیی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان، ئەگەرچی سەرزارەکی و بەنووسراوە، لە بەرنامە و دەستووری حیزبیدا، باس لە دابینکردنی مافی ژنان دەکەن، بەڵام لەکردەوەدا باوەڕیان بە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو نییە.

حیزبەکوردییەکان، لەباتی ئەوەی بەرنامەیەکی بابەتانە و



زانستانە بۆ ڕێکخراوەی ژنان دابڕێژن و، ژنانی ئەندامی ڕێکخراوەکەیان، بە هۆکارەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵ و، چەوساندنەوەی ژنان ئاشنابکەن و، پیاوانی ئەندامیشیان بە بیری ئازادیخوازی و یەکسانیی پەروەردە بکەن، تا بە کردەوە ڕێز لە ژن و لە مافی ژنان بگرن، بەڵام هەموو بیرکردنەوە و ئامانجێکیان لە سازکردنی ڕێکخراوەی ژنان، تا ئێستا بۆ ئەوە بووە کە ساڵی جارێک، سەرزارەکی و ڕۆتینی، لە بۆنەی حیزب و ڕۆژی دامەزرانی حیزب، یان لەڕۆژی لەدایکبوونی سەرکردەی حیزب، یان لەڕۆژی جیهانیی ژنان، ڕاگەیاندراوەیەک لەلایەن نوێنەری ژنانەوە بخوێندرێتەوە و، بەشان و باهۆی حیزب و سەرکردەکە و سیاسەتەکانیدا هەڵبڵێن، ئەوجا شایی و سەما و ڕەشبەڵەک و شیرینی خواردن ڕێبخرێت و، بۆ ڕۆژی دووایی، هەڵسوکەوت و یاسا و بیرکردنەوەکان بگەڕێنەوە نێو چوارچێوەی خۆی.

## ڕێگەچارە چییە؟!

ڕێگەچارە ئەوەیە، ژنی کورد، بۆ لەنێوبردنی ئەم زوڵم و زۆرەی بەرامبەری دەکرێت، پێویستە پشت بە بەرنامەی حیزبەکان نەبەستێت. بەڵکو دەبێ ژنان خۆیان ڕاستەوخۆ، بێنە مەیدان، ڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنان پێک بێنن و، بوێرانە و ئازایانە داوای یەکسانی و مافەکانی کۆمەڵایەتییان بکەن. پێویستە ژنان ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆی کوردستانیی پێک بهێنین کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لە دەرەوە و، لە هەموو شار و مەڵبەندەکانی کوردستان ئەندام وەربگرێت. واتە ئێمە پێویستمان بە سازکردنی ڕێکخراوەیەکی سەرتاسەریی کوردستانیی هەیە، کە دەنگ و ڕەنگی ژنی کورد بێت لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

بێگومان، ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە دابینکردنی مافەکانی ژنان و بەهێزبوونی پێگەی کۆمەڵایەتیی ژناوە هەیە. لەبەر ئەوە، ئێمە لەلایەک دەبێ بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و ڕزگارکردنی نەتەوە و وڵاتەکەمان تێبکۆشین، لەلایەکی دیکەشەوە، پێویستە ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆی ژنان دابمەزرێنین، کە ڕاستەوخۆ لە خزمەتی یەکسانیی مرۆڤ و، دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و ئازاد و دیمۆکراتدا بێت کە تێیدا ڕێز لە مافی هەموو چین وتوێژ و، ئەندامانی کۆمەڵ، وەک یەک بگرێت.

**جارێکی دیکەش، "٨ی مارس"، لەهەموو ژنانی کوردستان پیرۆزبایی دەکەین. بەهیوای گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.**

**شیلان شۆرش**
**ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتیی**
**یەکێتیی ژنانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
**٨ی مارسی ٢٠٠٧ی زایینی.**

**خوێنەرەوەی هێژا!**
**ئەم نووسراوەیە، گوتوبێژێکی زانستییە، لەژێرنێوی "قوتابخانەی بیری نەتەوەیی" لەگەڵ زانای گەورەی کورد – دوکتۆر جەمال رەشید، مامۆستای پێشووی زانستگەی بەغدا و، پرۆفیسۆر لە مێژووی رۆژهەلاتی کۆن ئەنجامدراوە. گوتوبێژەکە لە رادیۆ رۆژاڤای کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە. سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەمی رادەکێشین!**

**بەرێز دوکتۆر جەمال رەشید، ئەم کاتەتان باش!**
- ئەم کاتەی ئێوەش باش.

**یەکەم پرسیارمان بە وشەی "تاریخ" دەستپێدەکەین! وشەی "تاریخ"، و، نووسینی "مێژوو" وەک زانست، لە چ زەمان و قۆناخێک و، لەلایەن چ گەل و، نەتەوەیەکەوە بەکار هێنراوە؟!**

**و:** بەڵێ. وشەی (تاریخ) ی عەرەبی، لە کوردیدا (دیرۆک، یان مێژوو) دەگەیەنێت، کە لە ئینگلیزیدا (هیستۆری) پێدەگوترێت و، لەزمانە سلاڤییەکاندا **(رووسی، بولگاری، چیکی، سربی، پۆلۆنی، مۆراڤی، ئۆکرانی، بیلۆروسی و سلۆڤینی )**، بووەتە **(هیستۆریا)**. تاریخ و هیستۆری بە هەردووکیان لەبنەڕەتدا دوو وشەی یۆنانین. یەکەمیان لە وشەی **"ئەرەخاییوس"** دارێژراوە، (واتە گەڕان بەشوێن رووداوە کۆنەکاندا). لەزمانی عەرەبیدا، کرداری **(أرخ، یوءرخ، موءرخ)** ی لێ پەیدا بووە و، دووەمیشیان لە وشەی **(هیستۆریا)** دارێژراوە، واتە (داستان، یان چیرۆکە ئەفسانەییەکان)، کە لە عەرەبیدا **(الاسطورة)** ی لێ دارێژراوە، کە لای یۆنانییە کۆنەکاندا کاروکردەوەکانی خوداوەندانی تێدا باس دەکرا. وشەی دووەم کە هیستۆری، یان هیستۆریایە، دیسان دەگەڕێتەوە سەر وشەی هیستۆریای یۆنانی. بەڵام کاتێک، لەسەدەی پێنجەمی پێش زایندا، بیری فەلسەفی لە وڵاتی یۆنان بووژایەوە، هیرۆدۆتس لەشاری **هەلیکەرناسۆس** کە کەوتبووە سەر زەریای سپی لە باشووری ئەنەدۆلی ئەمڕۆدا، دیرۆکی جیهانی پێش خۆی، بەنێوی (هیستۆریا) بڵاوکردەوە، واتە کتێبەکەی ناوی هیستۆریایە. بەڵام نێوەرۆکەکەی نەک بەشێوەی ئەفسانە، بەڵکو بەشێوەی دیرۆک، یان تاریخ نووسیوەتەوە. چونکە مەبەستی لەم کارەی خۆی تۆمارکردنی کردەوەکانی مرۆڤ و گەلانی سەرڕووی ئەم زەمینە بوو، نەک کاری خوداوەندانی ئاسمان. بەم جۆرە هێرۆدۆتس توانی بەرگی زانستی بکاتە بەر وشەی (هیستۆریا). هەر بۆیە تاوەکو ئێستا هێرۆدۆتس بە باوکی مێژوو دەناسرێت، واتە مێژوو وەک زانست، بۆ یەکەمجار لە وڵاتی یۆنان لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین، بەدەست هیرۆدۆتس دەستپێدەکات.

**پ: زمان چۆن دروست بوو، هەروەها لەرووی زانستی زمانناسییەوە، ئەو قۆناخ و، هۆکارانەی لە پەروەردە و، پێگەیاندنی زمانی مرۆڤدا رۆڵیان هەبووە، کامانە بوون، تکایە لەوبارەوە بۆ گوێگرانی رادیۆکەمان بدوێن!**

**و:** هەر چەندە ئەم پرسیارە وەلامەکەی زۆر دوور ودرێژە، بەڵام زۆر بەکورتی دەیڵێم. بێگومان، زمان ئامرازێکە، مرۆڤ توانیویەتی پێی ئەو پێویست و بیروباوەڕانەی خۆی بەهاودەمێک، یان هاوکۆمەڵێکی خۆی بگەیەنێت. ئەویش بە گواستنەوەی هەست و بیری بەرێی چەند دەنگێکەوە بۆ پلەی "دوان" و، ئەو دەنگانە لەسەرەتادا بەرپەرچی دەنگەکانی سروشت بووە و، پلە بە پلە دەستکاریکراوە. جا بۆیە لەگەڵ داهاتنی ژیانی کۆمەلایەتیی، زمان وەک دیاردەیەکی مێژوویی، لە زۆر شوێنی ئەم زەوینەماندا سەریهەڵداوەتەوە. لە هەر پلەیەکی ئەم مێژووەشدا و، لەشوێنێکی تایبەتی ئەم زەوینەدا، زمان دەستنیشانی پێکهاتووی کولتوورێکی تایبەت دەکات و، لەگەڵ پەیدابوونی نووسین، تێکستەکان بۆیان هەیە ببنە کلیلێک بۆ لێکۆڵینەوەی کولتووری هەمەجۆرەکانی کۆمەڵان و، جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ و هەستەکانی، سەبارەت بە چەرخی مێژوویی و دیاردەکانی جیهانی دەوروبەری. مەبەستم لەم قسەیە ئەوەیە کە کاتێک مرۆڤ تەنیا ژیاوە، زمانی نەبووە، بەڵام کە کۆمەڵ دروست بووە و، تێکەڵ بووە **(لە کتێبێکی خۆمدا من باسی ئەوە دەکەم)، بە پێچەوانەی مارکسیستەکان، دەڵێن: ئابووری و، پێویستیی ئابووریی وایکرد کە کۆمەڵ پەیدا بێت، بەڵام من دەڵێم وانییە، بەڵکو پێوەندیی (سێکشوڤێل)، یان پێوەندیی خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاودا، یەکی خستنەوە،** چونکە ئەمە دیاردەیەکی سروشتییە، نەک دەستکرد. مەسەلەی پێوەندیی ئابووری، مەسەلەیەکی دەستکردە. پەیدابوونی زمان و نووسین لەمێژوودا، گەورەترین و گرنگترین کاری مرۆڤایەتییە و، گەلانی ئەم جیهانە بە هەموویان، هاوبەشن لەپێشخستنی ئەم دیاردەیە و، لە زۆر لە تابلۆ کۆنەکاندا ئەو بۆچوونانە دەبینین کە وا زمان و نووسین لە خوداوەندانەوە پێشکێش بە ئادەمیزاد کراوە، وەک لەتێکستە سۆمەری و بابلی و ئەکدییەکاندا بەرچاومان دەکەوێت، کە دەڵێن نووسین، یان زمان دیاردەیەکی خوداوەندانەیە بۆ ئادەمیزاد.

هەر لەبەر ئەم بۆچوونەشە کە وا لەسەرەتای هەر وشەیەکدا نێوی خوداوەند بەشێوەی (ئەل) تۆمارکراوە و، ئەمڕۆ ئەم نێوە بە دووبارەکردنەوەی شێوەی (ئەل ئەل = واتە الله) لە جیهانی موسڵمانانادا بووەتە نێوی خودا و، لەبەر ناساندنەوەی نێوەکان **(نیشانەی معرفە)**، لەزمانی عەرەبیدا هێشتا ئەم برگەیە وەک پێشگر دەکەوێتە بەر ئەم نێوانە بەوێنە، "البیت" (ماڵ، خانوو)، "الرجل" (پیاو)، "السماء" (ئاسمان)، "البحر" (زەریا) ... هتد.

**جا بێینەوە سەر مەسەلەی قۆناخ، یان هۆکان!**

دەڵێین قۆناخ وهۆکان لە پەروەردە و پێگەیاندنی زمانی مرۆڤ هەمەجۆرن، وەک **قۆناخی سەرەتایی زمان**، کە مرۆڤ لەم قۆناخەدا تەنیا لاسایی دەنگی دیاردەکانی سروشتی کردووە و، دووبارەی کردوونەتەوە. لێرەدا من دەتوانم چەند نموونەیەک بێنم، وەک، کە ئاوی بینیوە، شۆڕ بووە ئاوەکە لەسەر شاخێکەوە بۆ خوارەوە، پێیدەگوت **"خوڕ خوڕ"**. ئەمە لاساییکردنەوەی دەنگی خوڕەی ئاوە. یان لە شوێنیکی داوە و، دەنگێکی لێ پەیدا بووە، پێیگوتووە **"تەک تەک"**، کە ئەمە دووبارە کردنەوەیە. کە پشیلەیەکی دەبینی، **"پش پش"** ی پێدەگوت، کە سەگێکی دەبینی **"عەو عەو"** ی پێدەگوت. ئەمە لاساییکردنەوەی دەنگەکانی سروشتە. ئێمرۆ لەزۆر زمانانادا دەبینین، ئاسەواری ئەم وشە کۆنانە ماون و، لە کوردیدا بە وێنە وشەی **(مامە) کە (مامە)** واتە دایکی لێداڕێژراوە، و هەروا **(کاکە و بابە و دادە)**، هێشتا بەکاردێن، واتە ئەم زمانە وەک زمانێکی کۆنسەرڤەتیف داب ونەریتی کۆنی پاراستووە. لەگەڵ پێشکەوتنی باری ژیان، زمانیش پێشدەکەوێت. زمان بە چەند قۆناخێکدا تێپەڕیوە و، ئاین و ئایینزا و، تەکنۆلۆژیا و ئەدەب و زانست لە پێشکەوتنی زماندا رۆڵی گەورەیان بینیوە. دەبێت ئەوەش بزانین کە وا هەندێک زمان لە تێکەڵبوونی چەند شێوەزارێک پەیدا دەبێت، یان چەند شێوەزارێک لە زمانێک پەرشو بڵاودەبێتەوە. واتە، پەیدابوونی زمان دوو ڕەگی هەیە، یان دوو سەرەتای هەیە:

**١- زمانێکە و دابەشدەکرێت.**

**٢- چەند شێوە زارێکە و، دەبێتە زمانێک.**

هێندێ جار، شێوەزارێک خۆی دەسەپێنێتە سەر کۆمەڵانێک، وەک شێوەزاری **"قوریش"** بەسەر عەرەبەکاندا، ئەمەش هۆیەکەی بێگومان ئاینییە. جا ژیاندنەوەی "ئەدەبیات" و نووسین بەم تاقەشێوەیە و، لە سنوورێکی فراواندا، بوو بە هۆی دروستکردنی زمانێکی ئەدەبی. کەچی لە هەندێ شوێنی تردا، جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندیی بازرگانی و ئابووری دەبنە هۆی دروستبوونی شێوەی ئەدەبی. لەلایەکی دییەوە، دروستبوونی دەوڵەت، وادەکات، شێوەزاری پێتەخت ببێتە زمانی رەسمی دانیشتووانی، یان وەکو بۆلغاری، شێوەزاری ناچەیەکی باکووری بۆلغارستان کە لەسەر رووباری "دانوب"ە، بووەتە شێوەزمانی رەسمیی دەولەتی بۆلغاریا.

**پ: ئایا، مێژوو، بریتییە لە نووسینەوەی رووداو و کارەساتە مێژووییەکان، یان لایەن و، بواری دیکەش دەگرێتەوە!؟**

**و:** نا! بێگومان، مێژوو بریتی نییە لە نووسینەوەی رووداو و کارەساتەکانی رابوردوو، بەڵکو ئەمڕۆ، مێژوو یەکێکە لە زانستە هەرە گرنگەکان کە بە یارمەتی زانستەکانی دی وەکو **ئەرکیۆلۆژگیا و فیلۆلۆژی ئانتۆپۆلۆژیا و جیۆلۆژیا** و هەتا دوایی، رووداوەکانی کۆن لەسەررووی زەویندا شیدەکاتەوە. لەنووسینی مێژوودا دەبێت لە هەموو رووداو و سەرچاوەکان بکۆڵدرێتەوە. هەر بۆیە لەوشەی هیستۆریای "هێرۆدۆتس"، تاوەکو سەدەی پێنجەمی پێش زایین، بە ئەفسانە دەزانرا ئەم وشەیە، بەرگی زانستی مێژوو کرایەبەری، چۆنکە ئەم پیاوە (هێرۆدۆتس)، دەیگوت: **"مێژوو هەر ئەوە نییە رووداوەکان بگرێتەوە، یان باسی رووداوەکانی تێدا بکرێت، بەڵکو دەبێت باسی هۆی ئەو رووداوانە بەدەست مرۆڤایەتیی لەسەر زەویندا بکرێت، نەک لە ئاسمان بەدەست خوداوەندە، یان خوداوەندەکان رووی دابێت!"**.

**پ: دەتوانین بڵێین، دوو بەش و دوو دەستەی رۆشنبیر، لەنووسینەوەی مێژوودا رۆڵیان هەبووە، دەستەیەکیان، "مێژووڤان" بوون، دەستەکەی دیکەشیان "مێژوونووس" بوون. بەبۆچوونی بەڕێزتان، کام دەستە و، گروپ، پتر توانیویانە، خزمەتی پێشخستنی کۆمەڵی مرۆڤ بکەن و، لەبەرچی؟!**

**و:** ئەوەی مێژووڤان، دەتوانین پێی بڵێین "مێژووان" یش. بەلای ئێمە مێژووان ئەو پسپۆرەیە کە لە مێژووی گەلێک، یان وڵاتێک دەدوێت و، توانایەکی زۆری هەیە لە بواری ئەو زانستانە کە یاریدەدەری زانستی مێژوون. مەبەستم ئەوەیە، کەسێک مێژووان بێ، دەبێت یەک دوو زمانی دی بێجگە لەزمانی خۆی بزانێت، یان هیچ نەبێت، زمانێکی مردوو بزانێت، یان دەبێ توانایەکی زۆری هەبێت لەو بوارەدا، کە یاریدەدەری زانستی مێژوون. بەڵام مێژوونووس نووسەرێکە، ئەو توانانەی مێژووانی نییە. بەبۆچوونی ئێمە، مێژووان پتر توانیویانە خزمەتی پێشخستنی مرۆڤ بکەن، چۆنکە هەر ئەمان توانیویانە دیاردەکانی مێژوو بەراستیی شیبکەنەوە. مێژوونووسان هەمیشە وتەکانی مێژووانیان دووبارە کردووەتەوە و، زۆر جاریش لەبەر نەزانین، مێژووەکەیان تێکداوە. زۆرجار من بە تەجروبەی خۆم بینیومە، هەتاکو

دوێنێش گوێم لێبوو لە کەناڵێکی کوردی، زۆر شتیان دەگوت، قسەکانی من بوو، بەڵام ناویشم ناهێنن. ئەمانە مێژوونووسن. یانی پێیان عەیبە، یان پێیان گرانە بتوانن سەرچاوەکان بدەنە دەست.

**بەڵام مێژووان!**

مێژووان هەموو سەرچاوەکان کۆدەکاتەوە و، شییاندەکاتەوە، لێیاندەکۆڵێتەوە، ئەوجا پشت دەبەستێ پێیان. بۆ نموونە، من لەژیانمدا باوەڕم بە **"ئاشوور بانی پاڵ"** نەکردووە کە چووبێتە میسر. چۆنکە خۆی نووسینێکی بەدرۆی هەیە، دەڵێ: "چوومە میسر و، ئەوەم کرد و، ئەمەم کرد". لەکاتێکدا لە فەلەستین بەولاوەترەوە نەچووە. جا من مێژووڤانم بۆیە ئەمە دەزانم، بەڵام مێژوونووسێک دەڵێ، ئاشوور بانی پاڵ چووەتە میسر، چۆنکە خۆی وادەڵێ! یانی زۆر شت هەیە، سەددام نوسیویەتی، من نابێ بڵێم، ئەمە ڕاستە! دەبێ لێی بکۆڵمەوە. یان کابرایەکی تورک، یان کابرایەک لەوانەی ناکوردن و، مێژووی کوردیان نووسیوە، دەبێ لێی بکۆڵینەوە

**پ: کۆنترین نووسراوەی مێژوویی، تا ئێستا دۆزرابێتەوە، سەربە چ زمانێکە و، لە چ نێوچەیەکی جیهان دۆزراوەتەوە؟!**

**و:** خۆشبەختانە ئەمڕۆ هەواڵێکم بیست کە پێوەندیی بەم پرسیارەتانەوە هەیە. دەڵێم تاوەکو ئەم دوواییانە، واباو بوو کە کۆنترین نووسین، لە **میسر و چین و مەکزیکۆ** بەرچاو کەوتووە. بەڵام ئەوەی میسر کە بە کێشانەوەی وێنەی مارێک، یان باڵندەیەک بە هیرۆگلۆفی نێودارە، هەر لە پێش پێنج هەزار ساڵ بەشێوەی (**پیکتۆگراف = نووسینی وێنەدار**) تاکو چەرخی **هیلینی ورۆمانی** واتە هەتا هاتنی **ئەلکساندەری مەکدۆنی** بۆ میسر، هەرتەنیا لەولاتی میسر مایەوە هەرلە میسریشدا بەکارهات و، بەدەوروبەری میسردا بڵاونەبووەوە. وەکو **خەتی بزماری** کە سۆمەرییەکان دایانهێنا بڵاو نەبووەوە، کە ئەمیش لە بنەڕەتدا هەر بەشێوەی **ئایدیۆگرام (واتە ئەوەی لە مێشکدا بوو دەخرایە سەر قوڕ)**. پاشان شێوەی پیکتۆگرافی وەرگرت، واتە پلە بە پلە پێشکەوت و سووکتر بوو. بەڵام **خەتی چینی هەر بە پەنجا هەزار نیشانەکەی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ هەر مایەوە، کە بۆ زۆر کەس هاسان نییە بەکاری بهێنێت و، بتوانێ شتی پێ بنووسێت**.

جا خەتی بزماریش لەسەرەتادا هاسان نەبوو، بەڵام ئەکەدییەکان، ئاشووری و بابلییەکان بەپێی پێویستی ڕێزمانەکانیان نووسینەکانی خۆیان بەم خەتە دارشت، ئەوجا لە وڵاتی ئەنەدۆل و سووریا بڵاوبووەوە و، بەنێوبانگترین تێکست لە سووریادا کە بەم خەتە تۆمارکراوە، ئەوانەی **ئۆگاریتە (راس شمرای ئەوڕۆکە کەوتوەتە سەر زەریای سپی نێوەڕاست)**، واتە گەلێک نەتەوە، بەپێچەوانەی هیرۆگلۆفی، ئەم خەتە بزمارییەی قەبووڵ کرد، بەڵام لەبەر پەیدابوونی خەتی کەنعانی و فینیقی کە لە ٢٢ نیشانە پێکدەهات و شێوەیەکی هاسانی هەبوو لە تۆمارکردنی تێکستەکاندا، پاشان خەتی **"ئارامی"** دارێژرا و خەتی بزماری و هیرۆگلۆفی لەنێوبرد کە لەم زۆر کۆنتر بوون. بەڵام ئەو خەتەی میسر، وەک باسمان کرد، کەس قەبووڵی نەکرد، لەبەر ئەوە مرد، نەما! بەم جۆرە، سەرەتای نووسین کە دەگەڕێتەوە پێش پێنج هەزار ساڵ، تیایاندا خەتی هیرۆگلۆفی و بزماریی کۆنترن لە خەتی زمانە **"سامی"** یەکان، چۆنکە زمانە سامییەکانیش خەتی خۆیان هەیە، وەک **"کەنعانی" و "فینیقی"** یەکان و **"عیبری"** و **"ئارامی"**، ئەمانە لە خەتی بزماریی وەرنەگیراون، خۆیان ئەو خەتانەیان دروستکردووە. **بەڵام لەم دوواییانەدا، چەند نیشانەیەکی نووسین لە نێوچەی "حەڕاپا" لە پاکستان دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەی لەوەی میسر و سۆمەر کۆنترە. ئەم هەواڵە زۆر تازەیە**. ئەمە بێجگە لەوەی کە **لە هیندستاندا جۆرە خەتێکی نووسین هەبووە، لەنێوان چوار هەزار ساڵ، تا دوو هەزار ساڵ پێش زایین بەکار هاتووە، کەچی مێژووی خەتی یۆنانی دەگەڕێتەوە ساڵی ٨٠٠ی پێش زایینی. خەتی یۆنانی لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە سەر خەتی کەنعانی، یان فینیقی، واتە دەگەڕێتەوە سەر خەتە "سامی" یەکان**. بێگومان خەتی عەرەبی کە ئێستا کوردی باشوور پێی دەنووسێت، دەگەڕێتەوە سەر خەتە "ئارامی" یەکە. "ئارامی" یەکەش دەگەڕێتەوە سەر خەتە "عیبری" یەکە. یانی ئێستا ئارامی و عیبری کۆن دانێ، لەنووسیندا شێوەی یەک دەدەن، بەڵام عەرەب، پاشان لە سەدەی دوو و سێی کۆچیدا، "خاڵ" یان بەکارهێناوە، چۆنکە تا ئەوکات "خاڵ" نەبووە. ئێستا ئەگەر قورئانەکانی سەدەی یەکی کۆچی، یان سەدەی دووی کۆچی تەماشا بکەی، دەبینی 'خاڵ" ی نییە، بێ خاڵ نووسراوە و، زۆر لە خەتی ئارامی دەچێت....

**"کۆتایی بەشی یەکەم"**

**"ماوەی سەروتار"**

لە عێراق و لە ئەفغانستان و، ولاتانی دیکەی جیهان. بووجە و میدیای ئێران راستەوخۆ لە خزمەتی تیرۆریزمی جیهانیدایە و، رژێمی ئێران، بە ئاشکرا بریارەکانی کۆمەڵی نێونەتەوەیی پشتگوێدەخات و، هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکات. هەروەها رژێمی ئێران هاوپەیمان و ئالیکاری رژێمی سووریایە کە، پشتیوانیی لە حیزبوڵلا و رێکخراوەکانی توندڕەوی عەرەب دەکات، لەوانە رێکخراوە فەلەستینییەکان. هەر بۆیە کێشەی دنیای ئازاد لەگەڵ ئێران، بەتەنیا ئەتۆم و چەکی ناقۆکی ناگرێتەوە، بەڵکو چەندین بابەت و خاڵی گرنگی دیکەش لەخۆ دەگرێت.

هەروەک دەزانرێت، ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق، بەرەورووی قەیرانێکی گەورە بوونەتەوە. لەماوەی چەندساڵی رابوردوودا، بەهۆی لێکدانەوەی ناڕاست و نابابەتانەی پسپۆران و دارێژەرانی سیاسی و سەربازیی ئەمریکا لەنێوچەکە، ستراتیژی ئەمریکا لەنێوچەکە تووشی کۆسپ و گرۆی گەورە هاتووە. بەربەرەکانێی توندوبێپسانەوەی بەعسییەرەگەزپەرستەکان و، دەستە و گرووپەکانی توندڕەوی ئیسلامیی سوننە، هەروەها، پەرەسەندنی دەسەلاتی مەلاکانی ئێران، لەکاروباری نێوخۆی عێراق - بەرێگەی رێکخراوە چەکدارەکانی شیعەوە، لە پەکخستنی ستراتیژی سیاسی و نەخشەی سەربازیی ئەمریکا لەعێراق، دەور و کارکردنی سەرەکییان بینیوە.

لەبەر ئەو هۆیانە، ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە نێوچەکە و لە جیهان، پتر لەهەر رێگە وئەلتەرناتیڤێکی دیکە، بیر لە وەشاندنی گورزی سەربازیی بەمەبەستی شکستپێهێنان، یان لەنێوبردنی ئێران دەکەنەوە. کۆکردنەوەی پاپۆرەکانی مەزنی جەنگی و هێنانی سەتان فرۆکە و هەزاران راکێتی دوورهاوێژ و دامەزراندنیان بە چوار قورنەی ئێراندا، بێگومان نەخشەیەکی نوێی جەنگیی لە پشتەوەیە.

**لەم پێوەندەدا و، لە ئەگەری دەستپێکردنی جەنگێکی بەرفرە لەدژی کۆماری داگیرکەری ئێران، ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ، ئایا حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان، چ پلان و بەرنامەیەکیان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دارشتووە و، تا چ رادەیەک خۆیان بۆ ئەو بارودۆخە نوێیە ئامادە کردووە؟!**

لەم بارەوە، دەبێ بڵێین زۆر مخابن، سیاسەتکاران و سەرکردەیەتیی حیزبەکان، نەتەنیا هیچ پرۆژە و بەرەیەکی هاوبەشی کوردستانییان بۆ داهاتووی رۆژهەڵات نییە، بەڵکو هەرهەموویان لەنێوخۆیان و، بەرامبەر یەکدیی، ناکۆک و ناتەبان. زۆر گەرم و گوڕتر لە رابوردوو، سەرقاڵی دەستەو دەستەگەرێتی و، شەڕی دەسەڵاتن. لەباتی سازکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانیی، بۆ یەکخستنی هێزوتوانای خۆیان و گەلی کورد، هەر خەریکی پرۆپاگەندەی حیزبین. گەلێک مخابن، حیزبەکانی رۆژهەڵات هیچ وانە و ئەزموونێکیان لە رووداوەکانی چەندساڵی رابوردووی باشووری کوردستان و، عێراق وەرنەگرتووە و، **هەرهەموویان، بە هاندان و دەستێوەردانی لاوەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و، پارتی دیموکراتی کوردستان، دەیانەوێت سیناریۆی چەوت و سەرنەکەوتووی باشووری کوردستان و عێراق، لەرۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێرانیش دووپات بکەنەوە. واتە، هەروەک چۆن، پێش رووخاندنی رژێمی سەددام، سەرکردەیەتیی پارتی و یەکێتیی، لەپێناو بەرژەوەندیی کەسی و حیزبیی، لەگەڵ کۆمەڵێک عەرەبی کۆنەبەعسی و رەگەزپەرست و شیعەی سەر بە مەلاکانی ئێران دەستیان تێکەڵ کرد و، دەوڵەتی نویی عێراقیان بونیاد نایەوە و، کوردی باشووریان لکاندەوە بە عێراقی عەرەبەوە، دەقی ئەو شانۆگەرییە، لەرۆژهەڵاتیش خەریکە بناخەکەی لەلایەن حیزبەکانی رۆژهەڵاتەوە دادەرێژرێتەوە. هەر لە ئێستاوە خەون بە وەرگرتنی کورسیی وەزارەت لە ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامییەوە دەبینن و، بەوێنەی پارتی و یەکێتیی، دەیانەوێ، بە درۆشمی فیدراڵی و ئێرانی وەکیەک، گەلی کورد لە رۆژهەڵات چەواشە بکەن و، چارەنووسی پتر لە ١٢ ملیۆن کوردی رۆژهەڵات، بکەنە قوربانیی بەرژەوەندیی خۆیان و، وەرگرتنی چەند کورسییەک بۆ حیزبەکانیان ...**

سیاسەتی دەولەتی ئەمریکاش سەبارەت بە داهاتووی ئێران لەپاش نەمانی رژێمی مەلاکان هەر بەچەشنی عێراقە. دەوڵەتی ئەمریکا، ماوەیەکە کۆمەڵێک لە کاربەدەستانی رژێمی رووخاوی پاشایەتی و ئەندامانی بنەماڵەیان و، ژمارەیەک وێژەری رادیۆ و کەناڵەکانی تلوێزیۆن و نووسەری رۆژنامەکانی سەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشا و، کۆمەڵێک مامۆستای زانستگە و تێکنۆکراتی ئێرانیی، کەزۆربەیان خوێندنیان لە ئەمریکادا تەواوکردووە و، لەوێ دەژین و کاردەکەن، هەموویانی لەدەوری **کەناڵی تلوێزیۆنی ئەمریکا – بەشی فارسی (Voice Of America – Persian TV)**، کۆکردووەتەوە و، بەرنامەکانی بەرێگەی سەتەلایت، لە ئێران و لە هەموو جیهان بڵاودەکرێتەوە. بەرێوەبەرانی ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییە، بەزیرەکی و، بەپێرەوی لە بیری رەگەزپەرستانەی فارسیی، پرۆپاگەندەی بەردەوام لەدەوری درۆشمی کۆن و رزیوی **(حفظ تمامیت ارضی ایران)** دەکەن و،

ئەمانیش هەروەک عەرەبی شیعە و سوننەی عێراق، لەوە دەترسن بەرووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چوارچێوەی سنووری ئێرانەکەیان، لەبەریەک هەڵوەشێتەوە و، گەلانی بندەستی ئێران – لەوانە گەلی کورد، بەرزگاری وسەربەخۆیی بگەن. ئەوەیە، کەوتوونەتە پەلوپۆ و بەخۆنزیککردنەوە لە **حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران** و **کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**، لەهەوڵی ئەوەدان تا گەلی کورد لە مافی رەوای خۆی بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی دوور بخەنەوە و، چارەنووسی گرێبدەنەوە بە جوگرافیا و سنووری نگریسی ئێرانی داگیرکەرەوە، ئەو ئێرانەی کە سەدان ساڵە خوێنی کورد دەرێژێ و، کورد دەچەوسێنێتەوە. هەروەک **"عەلیرەزا نووری زادە"، کۆنە نووسەری رۆژنامەی (اطلاعات) ی سەردەمی حەمەڕەزاشا، کە هەموو رۆژێک لە تەلەفزیۆنی بەشی فارسی ئەمریکاوە بەنێوی چاودێر ولێکۆڵەوەری سیاسییەوە نێوی دێنن و گوتوبێژی لەگەڵدا دەکەن!، رۆژی ٢٠٠٧/٢/١٤، سەبارەت بە بارودۆخی هەستیاری هەنووکەی ئێران و، بەوتەی ئەو، (هەستی بەرپرسیارێتیی کوردەکان بەرامبەر ئێران)، گوتی:**

**"پێویستە هەموومان لەو راستییە بگەین کە ئێران لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدایە! من رۆشنبیری ٧٠ و ٨٠ ساڵەی فارس دەبینم، لەسەر ئەوە مشتومریانە، (ئایا ٢٨ی مورداد کودەتا بوو، یان شۆڕش؟!!). من پێتاندەڵێم، کاتی ئەو قسانە نییە. بارودۆخەکە زۆر لەوە مەترسیدارترە بۆ سەر ئێران کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە! بە خۆشییەوە، کوردەکان زیاتر لەهەر لایەنێکی دیکەی ئێرانیی، هەستیان بەو مەترسییە کردووە. من، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و، کۆمەڵەدا ئەنجامدا، بە خۆشییەوە ئەو پەژارە و دڵەراوکەم لەوانیشدا بینیی. ئەوانیش بەتەواوەتیی هەستیان بە مەترسیی بۆ سەر ئێران کردووە. لەبەر ئەوە هەوڵدەدەن. بەرەیەک لەهەموو (اقوام و روشنفکران ایرانی)، پێکبهێنن و، بەشێوەی فیدراڵی، کار بۆ رزگارکردنی ئێران بکەن؟؟!!".**

نیشانەکانی هاودەنگیی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ لایەنگرانی رژێمی پاشایەتی و، ئەو حیزب و توێژە کورد و ناکوردانەی بەگشتیی، بۆ پاراستنی یەکێتیی جوگرافیای ئێران تێدەکۆشن، لە تەلەفزیۆنی **TishkTV** و هەروەها **RojhelatTV** بەئاشکرا رەنگدەداتەوە، کە لەم بارودۆخە هەستیار و چارەنووسسازەدا، لەباتی ئەوەی بەرنامەکانیان بە مێژوو و شارستانییەت و، زمان و کەلەپووری کورد برازێننەوە و، نەهامەتی و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی کورد و، لەرێگەکانی گەیشتن بە سازکردنی بەرەیەکی راستینەی نەتەوەیی کوردی بکۆڵنەوە. کەسانی شارەزا و دڵسۆز و ئەکادمیک و، پسپۆر لەبوارە جیاجیاکاندا بانگهێشت بکەن، بۆ پێگەیاندنی خۆیان ونەتەوەکەیان و، لەهەموو روویەکەوە، ئامادەکاری بکەن بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتوو، کەچی بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانایان خستووەتە خزمەتی پرۆپاگەندەکردن لەدەوری بیرۆکەی ئێرانچێتی. گرنگی و، پێویستیی سازبوونی ئۆپۆزسیۆن و یەکگرتن لەگەڵ گەلانی ئێران و رێکخراوە ئێرانییەکاندا دێننە ئاراوە، بەڵام چاویان بەرایی نادا، رێکخراوەی دیکەی کوردیی ببینن. و، دژی حیزب و رێکخراوەی دیکەی کوردی، دەپەیڤن. لەم پێوەندەدا، **حیزبی دێمۆکراتی کوردستان – باڵی کاک مستەفا هیجری**، زیاتر لەهەر لایەنێکی دیکەی کوردیی لەرۆژهەڵات، کار بۆ ئەو بیرۆکە ناکوردانە و نانەتەوەییانەیە دەکات.

**بەکورتی، هیچ بەرنامە و ستراتیژێکی سەربەخۆییخوازی و نەتەوەیی لەلایەن حیزب و رێکخراوەکانمانەوە لە رۆژهەڵات نابیندرێت. ئاشکرایە، کاتێک ستراتیژی نەتەوەیی پێڕەونەکرێت، بەرژەوەندیی نەتەوەییش لەو نێوەدا هیچ بوونێکی نابێت. هەرئەوەشە کە دەبینین، هەر حیزب و لایەنی سیاسیی، تەنیا بیر لە دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆی و حیزبەکەی خۆی دەکاتەوە.**

لێرەدا، **کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، پژاک، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان – ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان و، هەردوو رێکخراوەی خەباتی شۆرشگێر و خەباتی ئیسلامیی کوردستان** ئاگادار دەکەینەوە، کوردستان لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە. نەتەوەی کورد لەبەردەم نەمان و فەوتاندایە. چیدی و لەوە زیاتر، خەبات و قوربانیدان و چارەنووسی گەلی کورد لە رۆژهەڵات، مەبەستنەوە بە چوارچێوەی ئێرانی داگیرکەرەوە. با هەموو پێکەوە، بەرەیەکی راستینەی کوردستانیی پێک بهێنین و، لەکاتی هێرش بۆ سەر رژێمی خوێنرێژ وکۆنەپارێزی داگیرکەری ئێران، هەموو هێزوتوانایەکمان بخەینەگەڕ بۆ رزگارکردنی کوردستان و، راماڵینی هەموو ئاسەوارێکی داگیرکاریی لە کوردستان. هاوکات داوا لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین، بۆ ئەنجامدانی رفراندۆم لە کوردستان لەپێناو رزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان..

**داوا لە گەلی کوردمان دەکەین، هەموو بیر و تێکۆشین وخەباتی خۆیان، لەژێر دروشمی راپرسی بۆ کوردستان و، سەربەخۆیی بۆ کوردستان رێکبخەن. ئازادی و سەربەخۆیی و بەختەوەریی، تەنیا لەسایی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد خۆیدا دێتەدی.**

**بۆ پێشەوە، بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی سەربەخۆی کوردستان!**

**هەر شەکاوەبێت ئاڵای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**سەرکردەیەتیی رۆژهەڵات.**

**نامەی ڕێزدار دوکتۆر جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان،**
**بۆ سەرۆکوەزیرانی بریتانیا، بەڕێز تۆنی بلێر**

ڕێزدار تۆنی بلێر، سەرۆکوەزیر

لەگەڵ ئەم نامەیەدا، هەندێک بڵاوکراوەی KNC و دیارییەک، کە بریتییە لە هەردوو ئاڵای بریتانیا و کوردستان، دەنێرم بۆتان و، دەخوازم چەند وشەیەکیش سەبارەت بە بارودۆخی گەلی کورد بە ئاگاداریی بەڕێزتان بگەیەنم.

لەم دووایییەدا BBC ڕایگەیاند، کەناڵێکی سەتەلایت بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی دادەمەزرێنێت. ئەمەش سەرباری ئەو خزمەتگوزارییانەیە کە تا ئێستا هەموو ڕۆژێک بەو زمانانە پێشکێش کراوە. BBC بە ٣٢ زمان بەرنامە بڵاودەکاتەوە و، سەرەرای پەخشی چڕی رادیۆ و تەلەفزیۆن، هەروەها چەندین ماڵپەڕی ئینتەرنێتی زۆر پێشکەوتووی بەو زمانانە داناوە. ئەمەش کارکردی گەورەی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی کولتوور و مێژوو و نەریتی ئەو زمانانە. بەڵام زمانی کوردی لەنێو ئەو زمانانەدا نییە و بایەخی پێنەدراوە.

بەداخەوە، BBC بەتەواوەتیی زمانی کوردیی پشتگوێ خستووە و، بەوەش باری کوردی چەوساوەی قورستر کردووە. بریتانیا لەسەرەتای چەرخی بیستەمدا، ڕۆڵێکی بنەڕەتیی هەبوو لە دابەشکردنی کوردستان و، بێبەشکردنی کورد لە دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ، بەداخەوە تا ئێستاش ئەو ڕامیارییە بەرامبەر بە کورد پێڕەو دەکرێت.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ، ئایا BBC نوێنەری سیاسەتی داپلۆسێنەرانەی بریتانیایە سەبارەت بە کورد؟! بۆچی BBC بەزمانی کوردی وەشانی نییە؟! ئایا داگیرکەرانی کوردستان، کە ڕژێمەکانی ئێران و عێراق و ترکیا و سووریان، کاریگەرییان لەسەر BBC و بریتانیا هەیە؟ ئایا بەڕێزتان وەک مرۆڤێکی ئازادیخواز و خێرخواز، وەکو سیاسەتکارانی دیکەش ئەو سیاسەتی نکوولی و چاوپۆشیکردنی کورد ڕەچاو دەکەن؟

بەڕێزتان و هەموو کۆمەڵی مرۆڤایەتیش ئاگادارن، کە داگیرکەرانی کوردستان هەموو مافێکی کورد لە کوردستان پێشێلدەکەن، تەنانەت زمانی کوردیشیان قەدەخە کردووە و، بەردەوام سەرقاڵی لەنێوبردنی زمان و کەلەپوور و مێژوو و شارستانییەتی کوردن، بەداخەوە دەبینین، کورد لەدەرەوە و، لە وڵاتێکی ئازاد و دیمۆکراتیکی وەک بریتانیاشدا لە گەشەدان وبرەودان بەزمانی خۆمان بێبەش کراون.

هەرچی پەنابەر لە بریتانیا هەن، ناسنامەی وڵاتی خۆیان هەیە، کەچی ٤٠ ملیۆن کورد، هیچ جۆرە ناسنامەیەکیان نییە، تەنانەت لەو ناسنامانەش بێبەشن کە لەم وڵاتەدا بە سەگ و پشیلەش دەدرێت! هەرچی کۆمەڵگەی پەنابەرانە لە بریتانیا، باڵوێزخانەی وڵاتی خۆیان هەیە تاکو سەرپەرشتیی کولتوور و مێژوو و نەریتیان بکەن، بەڵام کورد باڵوێزخانەیەکیان بۆ ئەو مەبەستە نییە!

جا لەبەر ئەوە یارمەتی بەڕێزتان ئەو کەلێنە پڕدەکاتەوە کە لە ئەنجامی پشتگوێخستنی مافە نەتەوایەتییەکان و کولتوور و مێژوو و نەریتی کورد، بۆ ماوەی یەک سەدەیە هەوڵی لەنێوبردنی دراوە.

بەئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێزتان، زانیاریی پێویست و زیاتر لەم بارەیەوە پێشکێش دەکەم.

**دڵسۆزتان:**
**دوکتۆر جەواد مەلا**
**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
**لەندەن: ٢٠٠٧/٢/٢**

**ئازادی و ڕزگاریی یەکجاریی، بە یەکگرتنی کورد و، خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا دێتەدی. حیزبایەتی و، شەڕی دەسەلات و، ناوچەگەرێتیی،گەلی کورد ناگەیەنێتە ئامانج!**

# ناردنی پەیامی پیرۆزبایی کۆمیتەکانی کۆنگرە، بەبۆنەی جێژنی نەورۆزەوە!

لەلایەن کۆمیتەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە لە ڕۆژهەلات، لەوانە: کۆمەتەی نەکەرۆز لەنێوچەی سەقز، کۆمیتەی بۆکان، کۆمیتەی "پەڕاو" لە کرماشان، کۆمیتەی نێوچەی سەردەشت، کۆمیتەی "هەردی" لەتاران، کۆمیتەی "ئاویەر" لە شاری سنە، هەروەها کۆمیتەی کۆنگرە لە وڵاتانی سکاندیناڤیا، پەیامی پیرۆزبایی خۆیان بەبۆنەی جێژنی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی کوردەوارییەوە، ئاراستەی سەرکردەیەتی و هەموو هاوبیرانی کۆنگرە و، تێکڕای نەتەوەی کوردمان کردووە. لێرەدا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی پەیامی "کۆمیتەی نێوچەی سەردەشت" لەڕۆژهەڵاتی کوردستان رادەکێشین!

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

رێکخراو و حیزبە سیاسی و مەدەنیەکانی کوردستان

لایەنگران و هاوبیرانی بە ئەمەگی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان

سەرەتا و بەر لە هەموو شتێک نەورۆزی ٢٧٠٧ ی کوردی لە هەموو لایەک پیرۆزبایی دەکەین و هیوادارین ساڵی تازە ساڵێکی پڕ لە خێر و خۆشی و بەختەوەری بۆ گشت لایەک بێت و ساڵی داهاتوو، ساڵی یەکگرتوویی و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد و گەیشتن بە ئامانجەکانمان بێت.

بێگومان داب و نەریتی کوردەواری، یەک لەوانە جەژنی نەورزز، تەمەنی بە درێژایی مێژووی کوردە و وەک دیاردەیەکی رەسەنی نەتەوەیی کورد لە قەڵەم دەدرێت، نەورۆز پرۆسەی یەکگرتوویی و رزگاری و سەربەخۆیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردە، کە چەندین هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە لایەن رۆڵەکانی کورد بە هەڵگیرساندنی ئاگری پیرۆزی زەردەشت و بە پێشەنگایەتی کاوەی ئاسنگەر، لە ژێر دروشم و پەیامی نەتەوەیی، یەک ریزی خەبات، بەرامبەر بە چەوساوەیی و لە هەمبەر داگیرکەرانی خاکی پیرۆزی کوردستان هاتوتە دی.

دیارە نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو سەرهەڵدان و خەباتێکی بێوچانی دژ بە زلهێزان و مل ئەستوورانی زەمان بەڕێوە بردووە و قەتاوقەت ئەستۆی بۆ نەیاران و دژبەرانی کورد و مرۆڤایەتی کەچ نەکردووە، تەنانەت وەک نەتەوەیەکی خۆجێی رۆژهەلاتی ناوەراست رۆڵی سەرەکی لە هەموو بوارێکەوە بە خۆوە بینیوە. پێویست بە وەبیرهێنانەوە ناکات



کە کورد، لەژێر نێوی جیاجیا، بەدرێژایی هەزاران ساڵە و بە بیری مرۆڤ، لەسەر خاکی باو باپیرانی ژیاوە و تایبەتمەندیی مێژوویی، فەرهەنگی و زمان و ئاینیی سەربەخۆ و ناسنامەیەکی دیاری هەیە، کە ناتوانرێت نکوولی و حاشای لێبکرێت، بەڵام مەخابن هەر لە کۆنەوە، بەردەوام سەرکوت کراوە و دەکرێت. ناسنامەی نەتەوایەتی و بوونی ئینکار دەکرێت. زمان و کولتووری چەواشە دەکرێت و، لە هەموو بارێکەوە سووکایەتی پێدەکرێت. لە لایەکەوە بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی مێژوو بۆمان دەردەکەوێت کە کورد و کوردستان وەک نەتەوەیەک، لەنێوان سێ نەتەوەی سەرەکی و خاوەندەسەلات و داگیرکەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واتە تورک، عەرەب و فارس دابەشکراوە، بەو مانایە کە هەر بەشە لە جەستەی کوردستان، بەسەر نەتەوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناڤین، وەک گۆشتی قوربانی بەشراوەتەوە، لە لایەکی دیکەوە و بەو حاڵەش، بەو لێکهەڵاواردنەیەش نەتەنیا ئۆقرەی نەگرتووە، بەڵکو بەردەوام بە سیاسەتی تواندنەوە و ژێنۆساید، لەژێر ناوی جیا جیا، لە هەوڵی لەنێوبردن و نەمانی دابوون. تائەو رادەیەی کە تورکان، بەناوی تورکی شاخی، عەرەبەکان بەناوی یەمەنی دەیانناسێنن، لەولاشەوە فارسەکانی رەگەزپەرست، بەبەشێک لە زمان و مێژووی خۆیان نێوی دەبەن و، دەیلکێنن بە خۆیانەوە. زیادە لە وەش، خاکەکەی بە بەشێک لە خاکی عێراق، تورکیە، سوریە و ئێران دادەنێن. بەم شێوەیە ئێمەی کورد، بەرەنگاری مێژوو کراوینەتەوە.

بەداخێکی گرانەوە، هەرکام لە داگیرکەران بەڕەوت و شێوازی جیا جیا، لە هەوڵی دروستکردنی شوناس و ناسنامەیەکی درۆینە (کازب) بۆ کورد، لە بەرامبەرکێیەکی نادیاردان .

ئەوە لە کاتێکدایە، کە بەشایەتیی مێژوو، کەسایەتیی کورد، لەلایەکەوە تەنیا خەڵکی رەسەن و خۆجێی نێوچەی رۆژهەڵاتی ناڤینە و، جوگرافیای کوردستان لانکەی شارستانییەت و مرۆڤایەتییە، لە لایەکەی دیکەشەوە، ئەو دیاردە ناحەزە، واتە داگیرکەری و بەکۆلۆنیکردنی کوردستان لەلایەن سەرزلەکان و زلهێزەکانی نێوچەیی و نێونەتەوەیی، بە چاوپۆشیکردن لە گشت دروشمەکانی مافی مرۆڤ و، هەر دیاردەیەکی مرۆڤایەتیی، بەفەرمی دانی پێداهێنراوە، تەنانەت لەو جینایەتە نامرۆڤانەیەدا بەشدار و بەرپرسیارن ، بەو حاڵەش سەرەرای ئەو هەموو دیاردە ناحەزە و زەختت و زۆرییە کە بە سەر ئێمەدا دایانسەپاندووە، بۆ خۆشمان وەک کورد، بە ناکۆکی کردن لە گەڵ یەکتر و بیر و باوەڕی ناوچەگەری و حیزب حیزبێنە، داژداریکار و یارمەتیدەری ئەم بارودۆخە ناسروشتیە دەکەین.

ئەوە قسەی تێدا نییە کە، کورد هەر کات هێز و بیر و چالاکی خۆی لە قاپۆڕی بیرێکی نەتەوەیی داڕشتووە و بە یەکگرتوویی خەباتی کردووە سەرکەوتنی وەدەستهێناوە و، هیچ چاو زەقکەر و دوژمنێک نەیتوانیوە خۆی لە بەرامبەریدا رابگرێت، کە وایە بەوەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلەیە کە کورد وەک ئینسانێک خاوەن شوناسی کورد و کوردستانییە، با هەموو بزانن کوردستان لانکە و نیشتمانی دێرینی کوردە و کوردستان یەک نیشتمانە و کوردیش هەر یەک نەتەوەیە.

بەو پێیە ئێمە ئەندامان و هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت بە دوای دووپاتکردنەوەی پیرۆزبایی نەورۆزی ئەمساڵ، بە رەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندیانە و بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناڤین و گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ناوچەکە و، لە گەڵ ئەوانەش، بەستێنی لەباری رەخساو لەو دۆخە، داوا لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزب و رێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکانی ئەو بەشە لە خاکی کوردستان دەکەین کە هێز و لۆجیستیک و بیری خۆمان لە ژێر بەرەی یەکگرتووی کوردستانی و لە نێو کۆنگرەی نیشتمانی کوردستاندا رێک بخەین و بۆ جارێک و بۆ هەمیشە بە ئاشکرایی، هەڵوێستێکی نەتەوەیی یەکگرتوو بگرین و بڕیارێکی هاوبەش بدەین و، بە کردەوە تێبکۆشین بۆ سەربەخۆیی و رزگاریی کورد و کوردستان. بەم چەشنە، بەختەوەری و داهاتووی نەتەوەکەمان بۆ هەمیشە دەستەبەر بکەین.

**بژی کورد، بژی کوردستان**
**بژی سەربەخۆیی و بیری نەتەوەیی**
**بژی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – رۆژهەلات**
**کۆمیتەی نێوچەی سەردەشت.**

## پەیڤێکی کورت سەبارەت بە ئیسماعێل بێشکچی!

**لەنێو چینی نووسەر و رۆشنبیرانی نەتەوەکانی سەربە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا، بیری یەکسانی و ئازادیخوازیی زۆر کز و لاوازە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی بیری رەگەزپەرستیی دەسەلاتداران و، حکوومەتەکانیان، کە بەدرێژایی دەیان و، بگرە سەدان ساڵ، ئەو بیرە چەوتە بووە بە فەرهەنگ و، بیروباوەڕ لە کۆمەڵگەکانیاندا و، کاریگەرییەکی ئەوتۆی تەنانەت لەسەر رۆشنبیرانیشیان داناوە کە هیچ کات نایانتوانیوە، لە نووسین و بڵاوکراوەکانیاندا، هەڵوێستێکی مرۆڤانە و، ئازادیخوازانە، بەرامبەر نەتەوەکانی دراوسێ و، دەوروبەریان دەرببڕن. لەبەر ئەوە، لەسەردەمانی کۆنەوە تا بە ئەوڕۆ، ئەو نووسەر و رۆشنبیرانەی ترک و فارس و، عەرەب، کە بە کردەوە و، لەروانگەیەکی مرۆڤانەوە، هەڵوێستیان بەرامبەر کێشەی رەواو مافخوازانەی کورد دەربڕیبێت، بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن.**

**دوکتۆر ئیسماعیل بێشکچی، لەنێو تاریکستانی شۆڤێنیزمی تۆخ و زەلکاوی بیری دواکەوتووانەی کۆمەڵگەی تورکیدا، ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی راستی و حەقبێژی و، نموونەی مرۆڤێکی بەرز و ئازادیخوازێکی راستینەی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. ئیسماعیل بێشکچی، لەنووسینەکانیدا، هۆکارەکانی بندەستی و پاشکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردەواریی، بەشێوەیەکی بابەتانە و زانستانە خستووەتەڕوو و، لە چەندین پەرتۆکدا بڵاوی کردوونەتەوە. لێرەدا، سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی چەند کۆپلەیەک لە بۆچوونەکانی رادەکێشین!**

## وتەیەکی کورت سەبارەت بە رۆناکبیرانی کورد

### نووسینی زانا و ئازادیخوازی مەزن

### "دوکتۆر ئیسماعیل بێشکچی"

چۆن دەبێ وابێت.....؟ بۆچی لە کوردستان، هەرچییەکی ناوی کوردی پێوە بێت، بە بەلەنگازی و پەرێشانییەوە جێیان هێشتووە؟ لەم بەشەی کۆمەڵگەدا، کەموکورتی و لاوازیی مەزن هەن. لەسەر مرۆڤ پێویستە ئەم کەموکورتیانە بە هەند بگرێ و، لێیان بکۆڵێتەوە. هەر بۆ نموونە .... ناوی **"جەمیل قوتای"** دێنم کە نەوەی خەباتکاری گەورەی کورد **"بەدرخان پاشا"** یە. بەدرخان پاشا لەساڵی ١٨٤٠ دا بۆ رزگاریی کوردستان و، ئازادیی نەتەوەکەی خەباتی کردووە. جەمیل قوتای کوڕی تاهیر بەگی کوڕی بەدرخانە. ئەم ناوە خۆی لە خۆیدا مێژووی پڕئازاری کوردان و، داڕزانی ئەم توێژەی ئەوڕۆی کوردەواریی دەردەخات کە پێیدەڵێن: **"رۆناکبیران!"**.

نەوەی بەدرخان پاشا، کەسێکە خۆی دەشارێتەوە، حاشا لە کوردێتی و کوردبوونی خۆی دەکات. شەرم لە کوردبوونی خۆی دەکات و، خزمەتی نێوەندەکان و دەزگەکانی دوژمنانی کورد دەکات. وێرانکردنی گوند و سووتاندنی رەز و باخ و کێڵگە و سامانی سروشتیی وڵاتەکەی خۆی نابینێت. بێهەڵوێست و بێکاردانەوەیە. چۆن دەبێ هەموو ئەم شتانە هەبن .....؟ ئەمە چاکترین بەڵگە و نیشانەیە بۆ خیانەتی رۆناکبیرێک، یان کەسێک کە دەچێتە خانەی رۆناکبیرانەوە. **ئایا بۆچی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەنێو نەتەوەیەکی پتر لە ٣٠ ملیۆنیدا، هێشتا توێژێکی کۆنکرێت، کە مرۆڤ بتوانێ پێی بڵێت "رۆناکبیرانی کورد"، لە دایک نەبووە و، نەخولقاوە!؟**

کۆمەڵگەی کوردان، کۆمەڵگەیەکی هەژارە. چینی بۆرژوازیی کورد، بە چەمک و زاراوە زانستییەکەی، چ بوونێکی نییە. چینی فیۆدالیش، بەرلەوەی ببێتە بۆرژوا، خیانەتی کردووە و لە خزمەتکردن بە نەتەوەکەی، لایداوە. بەمشێوەیە، ئەو چینەی کە لەسەرەتاوە، پێیدەکرا بەدۆزی نەتەوایەتیی رابێت، هەر لە بنەڕەتەوە رزیو بووە. کۆمەڵگەی کوردانیش بێ رۆناکبیرە. لەنێو رێکخراوە و پارتەکانی نێوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین، بە چەپ و ئیسلامییەوە، گەلێک کورد هەن، بەڵام ئەوانە خۆیان نەکردووە بە خاوەن لە رەگەز و کێشەی خۆیان. بۆ دوورکەوتنەوە لە رەگەزی کوردێتیی خۆیان، چوونەتە نێو هێز و رێکخراوەکانی نەتەوەکانی دیکەوە. لەنێو ئەو رێکخراوانەشدا، ئەگەر بۆیان بلوێ و دەست بدا بۆیان، ئەوپەڕی چالاکیی دەنوێنن و، هەست و بیری نەتەوەیی کوردی

هورد و خاش دەکەن و، لاوازی دەکەن و، دەیرزێنن. مرۆڤ بەتەنیا لەنێو کورداندا ئەم دیاردەیە دەبینێت.

دەگوترێت، دەولەتی ترک ڕەگەزپەرست وکۆلۆنیالیستە و، بۆ قەدەخەکردنی زمانی کوردیی، یاسای نامرۆڤانە دادەڕێژێت. ئەوەی ڕاستیی بێت، ئەمە شتێکی ئاساییە! ئەم ئاساییبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ دژ دەرنەکەوتنی کوردان لە هەمبەر پێشێلکاری و قەدەخەکارییەکانی حکوومەتی ترک و، سەرنەویکردنی کوردان بۆ سیاسەتی داگیرکەرانە و، ڕەگەزپەرستانەی دەولەتی ترک.

کورد و ڕۆناکبیرانی کورد، دۆستی زمانی خۆیان نین. لە تەواوی جیهاندا، هیچ دەوڵەتێک، هەرچەندە داگیرکەر و ئیمپریالیستیس بووبێت، حاشای لەزمان و کولتووری نەتەوەیەک نەکردووە، چۆنکە ئەو دەوڵەتانە زانیویانە، نواندنی سیاسەت و کردەوەیەکی وا، لەگەڵ بەرەنگاریی مەزن و توندی نەتەوە بندەستەکە بەرەوڕوو دەبێتەوە. لەبەر ئەوە هیچ دەوڵەت و حکوومەتێک ئامادە نابێت، خۆی تووشی کێشەیەکی وابکات. بەڵام حکوومەتی ترکیا، بەزانای و ئاگاداریی تەواوەوە، شێلگیرانە هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کورد دەدا و، نکوولی لە هەبوونی کورد دەکات. پێش بە زمان و کولتووری کوردی دەگرێت. دەولەتی ترکیا، بەشێوەیەکی سیستەماتیک، لەنێو سوپا، لەنێوەندەکانی خزمەتگوزاریی، لە زانستگەکان، لە میدیا و چاپەمەنیی، لە پۆلیس و، هەموو بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگە، بە هاوکاریی بەڕێوەبەران و مامۆستاکانی ئەو دەزگە و نێوەندانە و، بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو، ئەو ڕەوشە نامرۆڤانەیە لەدژی کوردان بەڕێوە دەبات. بەمجۆرە توانیویانە زمانی کوردی قەدەخە بکەن.

تورکان، هەروەها دەستیان بەسەر بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی کورددا گرتووە و، بەنێوی فۆلکلۆری خۆیان پێشانیدەدەن و، بە گەلانی دیکەی دەناسێنن. ئەم فەرهەنگ دزینەش گەیشتووەتە ئاستێک کە بەرهەم و فۆلکلۆری کوردان، بەنێوی بەرهەمی تورکەوە، بەشداری پێشبڕکێیە نێونەتەوەییەکان دەبێت و، خەڵاتیشیان پێوەردەگرن. لەولاشەوە، زمان و فەرهەنگی کورد، لەخۆی قەدەخە دەکەن. ئەم پرۆسەی تاڵانکاری و قەدەخەکردنە، لەهەموو بوارەکانی دیکەشدا، بەرامبەر کوردان پێڕەوکراوە و دەکرێت. بەڵام مخابن، لەنێو کۆمەڵگە و ڕۆناکبیرانی کورددا، زانابوون و هۆشیاریی نەتەوەیی چەکەریان نەکردووە. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا جۆرە خەمساردییەک بەرامبەر چارەنووسی خۆی بەدیدەکرێت. بێگومان سیاسەتی کۆلۆنیالیزم، کارکردی زۆری لەمەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە لێکۆڵینەوە لەبارەی هۆکارەکانی لاوازیی کەسایەتیی ڕۆناکبیرانی کوردەوە بکرێ و، ڕەخنەی توندیان ئاراستە بکرێت....

## ڕفاندنی فەرماندەکانی سوپا و دەزگەی سیخۆڕی ئێران، بۆ ترساندنی ئێرانە، یان هێرشی سەربازیی لە پشتەوەیە؟!

**نیعمەت سەفەر تانجەیری:**
**باکووری ئەمریکا**

گرتن و ڕفاندنی فەرماندەکانی سوپا و دەزگەی سیخۆڕیی ئێران (اطلاعات)، لەولاتانی دراوسێی ئێران، بە ئاشکرا و بە نهێنیی لەلایەن ئەفسەران و، ئەندامانی CIA ئەمریکاوە، بەردەوامە. سەرەتای پلانی ئەمریکاییەکان، لە شاری **هەولێر** – پێتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەستپێکرد کە لە ئەنجامیدا، پێنج کەس لە ئەندامانی پایەبەرزی سوپای پاسدارانی ئێران گیران و، بۆ شوێنی نادیار گوێزرانەوە. دوای لێکۆڵینەوەی چڕ و ورد لەم پێنج کەسە، ئەمریکاییەکان توانییان کۆمەڵێک زانیاریی بەنرخ سەبارەت بە تۆڕەکانی سیخوڕی و تیرۆریستیی ئێران، لە عێراق و لە نێوچەکە دەستبخەن. دواتر ئەمریکاییەکان، دوو فەرماندەی دیکەی سوپای پاسدارانیان لە عێراق و ترکیا ڕفاند. ڕۆژنامەی **(حریت)** ی ترک ئاشکرای کرد، کەسێک لە کاربەدەستانی دەزگەی پاراستنی ئێران بەنێوی **"عەلیرەزا ئەزغەری"** لە ترکیا ڕفێندراوە. هاوکات، هەواڵی ڕفاندنی یەکێک لە فەرماندەکانی **"سوپای قدس" بەنێوی "محسن شیرازی"** لە عێراق بڵاوبووەوە. **کاناڵی CNN ی ئەمریکا**، لەزمانی فەرماندەکانی ئەمریکاوە ڕایگەیاند، موحسن شیرازی، بەرپرسیاری گواستنەوەی چەکوچۆڵ و بۆمبا و کەرەستەی جەنگی بووە، لە ئێرانەوە بۆ گرووپەکانی میلیشیا لە عێراق.

گرتنی فەرماندەکانی سوپای ئێران لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە و، ناچارکردنیان بۆ خستنەڕووی پلانی سەربازی و سیخوڕیی ئێران لە نێوچەکە، بێگومان، لەلایەک بۆ پاککردنەوەی نێوچەکەیە لە تۆڕەکانی سیخوڕی و تیرۆریستیی ئێران، لەلایەکی دیکەشەوە، پێش ئەنجامدانی هەر هێرشێکی سەربازیی بۆ سەر ئێران، پێوستی بە کۆکردنەوەی تەواوی زانیارییەکان هەیە سەبارەت بە ئاستی توانای سەربازی و تەکنۆلۆژیای جەنگیی ئێران. بەشێکی دیکەی پلانەکەی ئەمریکا بۆ لاوازکردنی دەسەلاتی ئێران لە عێراق، هێرشکردنە بۆسەر **گەڕەکی سەدر** لەبەغدا کە ڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە **"موقتەدا سەدر"** ە، کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت.

# "هەڵەبجە"

# و،

# پەیماننامەکانی

# تایبەت بە هۆلۆکاست و جێنۆساید!

**نووسین و ئامادەکردنی: سیروان کاوسی**

لەمێژووی پڕهەوراز و نشێوی نەتەوەی کورددا، سەدەی بیستەم، بە یەکێک لە چاخ و قۆناخەکانی پڕکارەسات و، رابوون و نووچدان و، هەڵنگوتن و، هیوا و سەرکەوتن و، گلان و، خیانەت دەژمێردرێت. لەو سەدەیەدا، کوردستان بەشێوەی فەرمیی، لەلایەن وڵاتانی گەورەی ئیمپریالیستی جیهانییەوە، دابەش و پارچە پارچەکرا و، بەزۆرەملی و، بەبێ ویستی خۆی، لکێندرا بە خاک و جوگرافیای دەستکردی پاشڤەرۆترین و، درندەترین نەتەوە و رژێمەکانی نێوچەی رۆژهەڵاتی ناڤینەوە، کە داگیرکەرانی ئێران و تورکیا و عێراق و، سووریان. پارچەی پێنجەمیشی، هەروەک لاشەی قوربانیکراو، خرایە بەردەمی یەکێتیی سۆڤێتی پێشووەوە.

یەک لەو کارەساتە جەرگبڕانەی لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم بەسەر گەلەکەماندا سەپێندرا، کارەساتی **"ئەنفال"** و، قڕکردنی شاری **هەڵەبجە** بوو بە چەکی کیمیایی.

**رۆژی شانزەی مانگی رەشەممەی، ساڵی** ١٩٨٨، لەئەنجامی کۆمەڵەهێرشێکی بەربڵاوی فڕۆکەکانی سوپای عێراقدا، بە جۆرەها چەکی کۆمەڵکوژ و تۆقێنەرەوە، شاری هەڵەبجە و گوندەکانی دەوروبەری بە خەستی و چڕی بۆمبابارانی کیمیایی کرا. لەئاکامدا دەمودەست بەهەزاران منداڵ و ژن و پیرولاو، بە دووکەڵی گازی کیمیایی خنکێندران و، هەزاران بریندار و ژەهردەرخواردراوی دیکەش، لە مانگ و ساڵ و وڵاتی جیاوازدا مردن، یان بۆ هەمیشە بە نەخۆشی و پەککەوتوویی مانەوە.

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، لەلایەن رژێمی بەعسی عەرەبییەوە، لەبەراورد لەگەڵ کارەساتەکانی دیکەدا، لەچەند لایەنێکەوە جیاوازی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

رژێمی سەددام، لەکات و سەردەمێکدا بە چەکی کیمیایی هەڵەبجەی لەنێوبرد، کە ماوەی دەیان ساڵ بوو، بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانە لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتی و، دنیای ئازادەوە، بەربەند کرابوون. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو کۆمپانیانەی لەبەرهەمهێنانی چەک و کەرەستەی کیمیایی و چەکی کۆمەڵکوژ یارمەتی رژێمی عێراقیان دا، هەموویان سەر بە وڵاتانی رۆژئاڤایی بوون، کە بە دنیای ئازاد و دیمۆکراسی نێودەبرێن و، پارێزگاریکردن لە مافی مرۆڤ، لە بەندەکانی بنگەهینی یاسای وڵاتەکانیانە. هەروەها لەپیوەندیی لەگەڵ کورد خۆیدا، سەرکردەیەتیی کورد لە باشوور، کە ساڵانێکی زۆر، بیر و ئامانجی بەستبووەوە بە سوودوەرگرتن لە ناکۆکیی نێوان داگیرکەران و، یارمەتیوەرگرتن لێیان و، گوشار خستەسەر رژێمی نێوەندیی بۆ ئەنجامی گوتوبێژ، جارێکی دیکەش تووشی هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی بوونەوە و، لەگەڵ رژێمی ئێرانی داگیرکەر، کەوتنە بەرەیەکەوە دژی رژێمی عێراق و، لەشکری پاسداری ئێرانیان راکێشایە باشووری کوردستانەوە، بەنێوی "ئازادکردنی کوردستان!!"، کە ئاکامەکەی هەموو دەیزانین چی بوو و، کورد، چ زیانێکی گیانی و ماڵوێرانییەکی گەورەی بە نەسیب بوو...

بەکورتی، درندەیەتیی سەددام و رژێمی رەگەزپەرستی عێراق و، سیاسەتی هەلپەرستانە و دیمۆکراسی درۆزنانەی وڵاتانی رۆژئاڤایی و، هەروەها، ساویلکەیی و نەشارەزایی و، بیری ناکوردانەی سەرکردەیەتیی کورد لەو سەردەمەدا، پێکەوە و وەکیەک، لە خولقان و خۆشکردنی زەوینەی شەهیدکرانی هەڵەبجەدا دەوری سەرەکییان بینی و، ئەو شارە، لەسەردەمی شارستانێتی و، لەپێش چاوی دنیای مرۆڤایەتیی، نوقمی ئاگر و ژەهر و دووکەڵ و ژان و فرمێسک کرا.

**گەلێک جار، لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیدا، باسی جێنۆساید و هۆلۆکاست دەکرێت. بابزانین، کۆمەڵی نێودەوڵەتی و، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبواری بەربەندکردن و رێگرتن لە**

**ئەنجامدانی جینۆساید، چ یاسا و ڕێسایەکی داناوە و، مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟!**

تا ئێستا کۆمەڵێک پەیماننامە و ڕێککەوتننامەی جیهانیی، تایبەت بە تاوانی گەلکوژی و قڕکردن، مۆرکراون، کە بریتین لە:

**١- پرۆتۆکۆلی ژنێڤ لەساڵی ١٩٢٥ی زایینی، سەبارەت بە قەدەخەکردنی گازی کیمیایی و خنکێنەر.**

**٢- دەستوورنامەی داداگەی نورنبێرگ، لەساڵی ١٩٤٥ و، لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی.**

**٣- پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨، سەبارەت بە قەدەخەکردنی تاوانی جینۆساید و، سزادانی تاوانکارانی.**

**٤- ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٦٦، سەبارەت بە نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیی ڕەگەزی و ئاینیی.**

**٥- ڕێککەوتننامەی ١٩٦٨، سەبارەت بە ڕەچاوکردنی پاراستنی گەلان و، پێرەوانی ئاینە جیاوازەکان، پێشگرتن لە قڕکردنیان و، بەکارهێنانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیی لەسەریان.**

**٦- پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٣، سەبارەت بە ڕێگرتن و، قەدەخەکردنی بەکارهێنانی سیاسەتی "ئاپارتاید" (ڕەگەزپەرستی) و، سزادانی ئەنجامدەرانی.**

جگە لەم پەیماننامە جیهانییانە، هەروەها کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١١، بەکۆی دەنگ، بڕیارنامەی ژمارە (٩٦) ی پەسندکرد. بڕیارنامەکە دەڵێ: **(جینۆساید، تاوانێکە، بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی پێشێل دەکا و، بەپێچەوانەی ئامانجەکانی کۆمەڵی نێونەتەوەییە. لەبەر ئەوە، کۆمەڵی مرۆڤایەتیی، ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید، بەتوندی شەرمەزار و مەحکووم دەکات).**

هەروەها، دەستوورنامەی کۆمەڵی نێونەتەوەیی تایبەت بە گەلکوژی و پاکتاوی ڕەگەزیی، کە لە دادگەی شاری **"نورنبێرگ"** ئامادەکراوە و، لە **٣٠ مادە پێکهاتووە، لە بەندی (٦)** یدا دەڵێت، تاوانی ژینۆساید، لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا ئاشکرادەبێت:

**١- ئەنجامدەری جینۆساید، بە کۆکردنەوەی کەرەستەی جەنگیی کۆمەڵکوژ و، خۆئامادەکردن و ڕێخستنی جەنگ، ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەشێوێنێت. لەبەر ئەوە بەتاوان لەدژی ئاشتی جیهانیی دەژمێردرێت!**

**٢- تاوانە لە دژی مرۆڤایەتیی! چونکە پەنا دەباتە بەر کوشتن و قڕکردن و ئازاردان و، دەستدرێژیکردن بۆ سەر نامووس و، ڕاگواستن و، تۆقاندن و بێسەروشوێن کردن و، دیلکردن و، دوورخستنەوەی کۆمەڵە خەڵکێک کە ڕەگەز، یان ئاینی جیاوازیان هەیە. ئەنجامدانی ئەو تاوانانەش بەبیانووی ڕەگەزی، سیاسی، یان ئاینیی بێت، یان بە هەر ئێویکی دیکەوە ئەنجام بدرێت، ئەوا بە تاوان لەدژی مرۆڤایەتیی حیساب دەکرێت.**

**٣- تاوانە لەدژی یاساکانی جەنگ، چونکە یاساکانی جەنگ دەشکێنێ، شکاندنی یاسای جەنگ، چ لەگەڵ وڵات و گەلێکی دیکەدا بێت، یان لەگەڵ گەلێکی ژێردەستە کە بۆ مافی خۆی تێدەکۆشێت، وەک یەکە و، ئەنجامدانی جینۆساید، بە تاوانی جەنگی حیساب دەکرێت.**

بەپێی ئەو ڕێککەوتننامانەی سەرەوە و، بەپێی هەموو بەندەکانی پەیماننامەی **"نورنبێرگ"**، ڕژێمی سەددام حسێن، یاساکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێشێلکرد و، جینۆسایدی بەرامبەر گەلی بندەستی کورد بەکارهێنا، لەبەرئەوە، دەبوو لەلایەن کۆمەڵی نێونەتەوەییەوە، دەستبەجێ بڕیاری دادگەییکردنی ڕژێمی عێراق دەربکرایە، بەڵام، هیچیەک لەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە جیهانییانە، کە بۆ پێشگرتن لە هۆلۆکاست و جینۆساید مۆرکرابوون، نەهاتن بەهانای کوردەوە و، گەلەک مخابن، دنیای ئازاد و کۆمەڵی مرۆڤایەتیی، لەو چاخ و ڕۆژانەدا، چاویان لەئاست ئەو تاوانە گەورانەی سەددام و ڕژێمەکەی نووقاند و، هیچ هەڵوێستێکی مرۆڤانەیان بەرامبەری دەرنەبڕی، هۆکەشی ئەوە بوو، بەرژەوەندیی سیاسی و ئابوورییان لەگەڵ ڕژێمی عێراق لەو سەردەمەدا، بە هێڵێکدا دەڕۆیی، کە ئەوەش بەپێچەوانەی هەموو یاسا و پرنسیپێکی مرۆڤانە و، جیهانیی بوو.

پاش شیرزەبوونی سوپای ئێران لە جەنگی ٨ ساڵەی بەرامبەر عێراق، کە ئایەتوڵڵا خومەینی بەناچاری ئاگربەسی ڕاگەیاند و، **"پیاڵەی پڕ لەژەهر"** ە بەنێوبانگەکەی خواردەوە، ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو کە لەلایەن ڕۆژاڤاوە، پێش لەسەرمرۆی و، بەرزەفریی سەددام بگیرێت و لەغاو بکرێ و، هێز و توانای سوپاکەشی لاواز بکرێ کە، بەهۆی پشتیوانیی لۆجستیکی ڕۆژاڤا و، بەیارمەتی دارایی وڵاتانی عەرەبییەوە، ببووە خاوەنی گەورەترین سوپا و، چەکی کۆمەڵکوژ لەنێوچەکەدا.

**بۆ ئەم مەبەستە، سەرەتا، یەکەم هەنگاوەکان لە کۆنگرێسی ئەمریکاوە دەستپێکرا و، لە وەرزی هاوینی ساڵی ١٩٨٨، کۆنگرێسی ئەمریکا، لەسەر پێشنیازی دەوڵەتەکەی، بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی تەواو سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە باشووری کوردستان، دوو ئەندام کۆنگرێسی دەستنیشانکرد بەنێوی "پیتر و. گالبرایت" و "کریستۆفیر ڤان هۆلین"، تا سەردانی کوردستان بکەن.**

ئەم دوو کەسە بەرەو کوردستان ڕێکەوتن و، لەنزیکەوە شاری "هەڵەبجە" یان بینی و، لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرکەوتووانی گازی کیمیایی دیداریان ئەنجامدا. پاشان ڕاپۆرتێکیان ئامادەکرد و، لەگەڕانەوەیاندا پێشکێشی گۆنگرێسی ئەمریکایان کرد. کالبرایت و ڤان هۆلین، لەراپۆرتەکەیاندا نووسیبوویان کە **"رژێمی عێراق، سیاسەتی جینۆساید و پاکتاوی رەگەزیی لەدژی کورد پێرەو کردووە و، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، هێشتا بەروخساری دانیشتووانی هەڵەبجە و، دیمەنی شار و سروشتی نێوچەکەوە ماوە و، نەسڕاوەتەوە..."**

**ساڵی ١٩٩٠، کاتێ سەددام لە لایەن کاربەدەستانی ئەمریکاوە دڵنیاکرا کە وەک هاوپەیمان و دۆستێکی بەهێزی ئەمریکا لەنێوچەکە تەماشا دەکرێت، کڵاوی چووەسەر و، هێندەی دیکە لەخۆبایی بوو و، پەلاماری کوێتی دا و، داگیری کرد. ئەوەش داوێک بوو بۆی، کە ئەمریکا توانی بە هۆیەوە، بەپشتیوانیی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، ماشێنی جەنگیی عێراق لەنێوببا و، تێکی بشکێنێ و، لەرێگەی کۆمیسیۆنی گەڕان و پشکنینی چەکی کیمیایی - سەر بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، بیخاتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی بەردەوامەوە.**

ساڵی ١٩٨٩، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەوڵەتی ئەڵمانی سەبارەت بە یارمەتیدان وهاوکاریی توندوتۆڵی نێوان دوو کۆمپانیای بەرهەمهێنەری چەکی کیمیایی بۆ عێراق ئاگادار کردەوە، بەڵام دەوڵەتی ئەڵمان لەسەرەتاوە، بابەتەکەی بەهێند نەگرت و، بێدەنگیی لێکرد. پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، واتە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٦ – ١٩٩٧، دوو رۆژنامەی **Newyorck Times** ئەمریکی و**-Medico international** ی ئەڵمانی، ڕاپۆرتێکی دیکۆمێنتیيان سەبارەت بە کارەساتەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی سەددامەوە، بەرامبەر بە گەلی کورد، بڵاوکردەوە. لەراپۆرتی هەردوو رۆژنامەکەدا، نێوی دوو کۆمپانیای ئەڵمانی بەنێوی **Karl Kolbi** و **Pilon klant** نووسرابوو کە پێنج گارگەی بەرهەمهێنانی جۆرەها بۆمبای کیمیاییان بۆ رژێمی عێراق دروستکردووە. لەوەوە رای گشتیی ئورۆپا، تا رادەیەک، لەو هاوکارییە نامرۆڤانەیەی کۆمپانیاکانی ئەڵمانی لەگەڵ رژێمی سەددام ئاگاداربوون. شایانی باسکردنە، بەدەیان کارگەی وڵاتانی ئورۆپا، لەوانە چەندین کارگەی ئینگلیزی و تەنانەت ئەمریکاییش، چەکوچۆڵی جەنگی و چەکی کۆمەڵکوژیان بە رژێمی سەددام فرۆشتبوو، بەڵام هاوکاری و پێوەندیی ئەو دوو گارگە ئەڵمانییە لەگەڵ رژێمی سەددام، لەئاستێکی بەربڵاوتر و فراوانتردا بوو.

لەساڵی ١٩٩٧دا، کاتێ دەوڵەتی ئەڵمان، ئاگاداری بڵاوبوونەوەی هەواڵی هاوکاریی نێوان کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی و، دەوڵەتی عێراق بوو، ئەوجا بەشێوەی رەسمیی، راگەیاندراوەیەکی، لەژێر نێوی **"بۆ رای گشتیی ئەڵمان"** بڵاوکردەوە و، بەدەیان کەسایەتیی سیاسیی و کاربەدەستی ئەڵمان، لەوانە: **"پرۆفیسۆر رۆمان هێرتزوس سەرۆکی ئەڵمان، دوکتۆر هێلمۆت کۆڵن پێشەوای ئەڵمان، هەروەها سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمان، سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی ئەڵمان، سەرۆکی پارتی سۆسیال دیمۆکراتی ئەڵمان، وەزیری کار، سەرۆکی حیزبی دیمۆکرات – مەسیحی دەسەلاتدار و، دەیان کاربەدەست و کەسایەتیی دیکە، داوای لێبوردنیان لەگەلی کورد کرد.** ئەم راگەیاندراوەیە، لەمانگی رەشەمەی ساڵی ١٩٩٧ لە رۆژنامەی بەنێوبانگی **Frankforter Allgemeine** دا بڵاوبووەوە. ئەوەش



لەئاستی سیاسەتی نێودەولەتیدا، هەلێکی دیکە و وەرچەرخانێکی نوێ و هیوابەخش بوو بۆ گەلی کورد. کاتی ئەوە هاتبوو تا سەرکردەیەتیی کورد، بکەوێتەخۆ و، دیپلۆماسییەکی بەهێز لەکەسانی پسپۆڕ و شارەزا پێکبێنێ، کە پێوەندیی بکەن بە ولاتانی گەورە و، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و، هەوڵبدەن بۆ پتر لەقاودانی تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و، ئاگادارکردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی و، دنیای ئازاد، لە چارەڕەشی و، بێبەختی کورد و، خستنەڕووی رادەی دڕندەیەتیی داگیرکەرانی و، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد، داوای راپرسیی بکەن لە کوردستان، بەچاودێریکردنی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەنێوخۆی ولاتیشەوە داوا لە گەلی کورد بکەن بێنە سەرجادە و شەقامی شارەکان و، بەشێوەیەکی هێمنانە و شارستانییانە، خۆپێشاندانی گەورەی دەیان و سەتان هەزار کەسیی سازبکەن بۆ بەردەم نووسینگەکانی UN و ولاتانی هاوپەیمان و، بەنووسراوە و، بەنێوی تێکرای جەماوەری کوردستانەوە داوای "رێفراندۆم" بکەن. ئەوجا بووجە و میدیای حیزبەکانی دەسەلاتداریش، لەدەرەوە و، لەنێوخۆی ولات، بخرێتە خزمەتی پرۆژەکەوە... بەلام، هەزارمخابن، لەو کات و رۆژانەدا، سەرکردەیەتیی پارتی و یەکێتیی، سەرقالی جنێودان و سووکایەتیکردنی یەکتری بوون و، بە دەیان هەزار پێشمەرگەیان لەنێو شا ر و گوند و دۆڵ و سەرچیا و، گردۆلکەکاندا، بەردابووە گیانی یەک و، بەهەزارانیان لەیەکدی کوشت و، لە ئەشکەنجەدانی دیل و کوشتنی بریندارەکانی یەکدی دەستیان نەپاراست و، سوپای ئێران و ترکیا و عێراقیان هێنایە سەر **"هەرێمی ئاسایش"**، کە بە **هەوڵی دڵسۆزانە و مرۆڤانەی فرانسوا میتەران- سەرکۆماری فەرەنسا** و، بە رەزامەندیی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرابوو. کوردستانی ئازادیان کردە مۆلگەی سیخوڕ و بەکرێگیراوانی داگیرکەران و، خۆیان کردە گاڵتەجاڕی دۆست و دوژمن و، لەو رێگەیەوە، گەورەترین زیانیان لە یەکێتیی نەتەوەیی و، لە سەربەخۆیی و رزگاریی کوردستان دا و، ئەو هەلەشیان کرد بە قوربانی دەسەلاتی تاکەکەسی و، بەرژەوەندیی حیزبی و دەوڵەمەندکردنی خۆیان و بنەماڵەیان و، بەردەوامیش رایاندەگەیاند: **"کێشەی ئێمە لە بەغدا چارەسەر دەکرێت!!"**.

**خوێنەرەوەی ئازیز!**

نۆزدە ساڵ، بەسەر ئەنفال و هەڵەبجەدا تێپەڕی. رۆژانێک کە دەمانتوانی ، هەڵەبجە و ئەنفال بکەینە رەمزی سەرکەوتن و سەربەخۆیی کوردستان، بەهۆی ناهۆشیاری سیاسی و لاوازیی بیری نەتەوەیی خۆمان و، هەوڵ و هەڵپەی سەرکردەکانمان بۆ پلە و پارە و، دەسەلات و بەرژەوەندیی حیزبیی، لەدەستمان دا و، نەگەیشتینە ئامانج.

بەراشکاوییەوە دەبێ بڵێین، ئێمە، لەراپەرینەکان و لەقوربانی و، ماڵوێرانیی بێئەژمارمان، لەکارەساتی ئەنفال وهەڵەبجە، هیچ فێر نەبووین. نە خۆمانمان ناسی، نە دۆست و، نە دوژمنمان ناسی، چونکە، ئامانج و ستراتیژێکی دیاریکراوی نەتەوەییمان نەبوو، هەروەک ئێستاش نیمانە و، بەردەوام لەنێو بازنەیەکی بۆش، بەدەوری خۆماندا دەسووڕێینەوە و، نازانین چۆن خۆ رزگاربکەین.

لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا، **جووەکان**، سوودیان لە قەلاچۆکردنی گەلەکەیان لەلایەن ئەڵمانی نازێتییەوە وەرگرت و، دەولەتی ئیسرائیلیان پێدامەزراند. هەروەها **"ئەرمەنی"** یەکانیش، کە لەساڵانی ١٩١٥ – ١٩١٦ی زاینی، **لەلایەن سوپای ترکانی عوسمانییەوە قەلاچۆ کران** و، پتر لە ملیۆنێکیان لێکوژرا، هەوڵێکی زۆریاندا تاکو توانییان دادگەیەکی جیهانیی ناحکوومەتیی پێک بهێنن و، پاش دامەزراندنی "دەولەتی سەربەخۆی ئەرمەنستان" یش، هێشتا کۆڵیان نەداوە و، سوورن لەسەر بەرەسمیکردنی رۆژی جێنۆسایدی ئەرمەن، لەئاستی نێونەتەوەییی.

**بەلام ئێمەی کورد، نەتەنیا ئەنجامدانی جێنۆسایدکردنی گەلەکەمان بەدەستی ترکان، لە سەردەمی شۆرشەکانی شێخ سەعید و ئێحسان نووری پاشا و سەیدرەزامان لەبیر چووەتەوە، کە پتر لە ملیۆن و نیوێک کورد تێداچوون، بەڵکو سەرکردەی ئەوڕۆمان لە باکوور، ئەتاترکی خوێنرێژ و، داڕێژەری بیری تواندنەوەی رەگەزی کورد، بە دێمۆکرات و پێشکەوتنخواز نێودەبات و، لەمردنی "بلند ئەجەویت" ی خوێنخۆر و گۆڕ بەگۆڕیشدا دەڵێت: "ئەجەویت مرۆڤێکی گەورە بوو!!". یان سەرکردەی حیزبەکانمان لە باشوور، پاش رووخانی رژێمی سەددامی دڕندە و، هەلوەشاندنەوەی دەوڵەت وجوگرافیای نگریسی عێراق، سەرلەنوێ بناخەی دەولەتێکی نوێ بۆ عەرەبی دەسەلاتدار لە عێراق دادەمەزرێننەوە و، بکۆژان و ئەنجامدەرانی ئەنفال، بەنێوی راوێژکار و پسپۆڕ لەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوە و، نیوچەی رزگارکراوی کوردستان، دەبەستنەوە بەو عێراقەی کە، ماوەی ٨٠ ساڵە، جگە لە کوشتن و برین و ماڵوێرانیی بۆ کورد، چ بەرهەمێکی دیکەی نەبووە و لەداهاتووشدا نایبێت.**

**هاوولاتیانی خۆشەویست!**

ئێستاش، کات بەدەستەوە ماوە و، دەتوانین لە ئاژاوە و، سەربڕین و، خۆتەقاندنەوە و شەڕی سەروماڵی **نێوان برایانی یەکێتی و پارتی!!**، واتە (عەرەبی شیعە و سوننە)، خۆمان دووربگرین و، بەرێخستنی خۆپێشاندانی هێمنانە لە شارەکان، لە دەرەوە و، لەنێوخۆی وڵاتدا، داوا لە کۆمەڵی نیونەتەوەیی بکەین، تا لە کوردستان رفراندۆم ئەنجامبدەن. پێویستە گەلی کورد، لەو گاڵتەجاڕ و، پشێویەی عێراق کە سەرکردەی حیزبەکان نێویان ناوە **"عێراقی فیدراڵ"**، خۆی جیابکاتەوە و، حیزبەکانی ناچاربکات، سەر بۆ داخوازییەکانی نەوی بکەن و، لەوە زیاتر، نادیمۆکراتییانە و، بێپرس و راکردن بە نەتەوەکەیان، بریار لەسەر چارەنووسی نەدەن. لەم پێناوەدا، رۆشنبیران و دڵسۆزانی راستینەی کورد، پێویستە بەکردەوە، ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی و مرۆڤیی خۆیان بە جێ بێنن و، لە هاندان و رێخستن و رۆشنبیرکردنی نەتەوەکەیان، دەوری خۆیان پێشانبدەن.

**لەساڵرۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفال، دەتوانین بە پێرەوکردنی ئەم سێ خاڵەی خوارەوە، ئاواتی شەهیدان و، خەبات و قوربانیدانی دەیان و سەدان ساڵەمان، لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا بهێنینەدی:**

١- داوای سزادانی ئەنجامدەران و تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجە، بکرێتە داخوازیی گشتیی گەلی کوردستان. هەروەها سیخوڕ و خاینی نێوحیزبەکان، کە لەلایەن سەرکردەکانیانەوە، بۆ نەرووشانی کەسایەتیی نزمیان، نازناوی "خاوەن فایل" یان بەباڵایان بڕیوە، لەگەڵ هەموو ئەو سەرۆک جاشانەی لە کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجەدا بەشدار بوون، لەدادگەیەکی بێلایەن و نەتەوەییدا، بەپێی رادەی تاوانەکانیان سزایان بۆ ببڕدرێتەوە. پێویستە، سەرۆکایەتیی دەوڵەتی عێراقی نوێ، بەرەسمیی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن و، ساڵانە بووجەیەکی دیاریکراو ببڕدرێتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی کوردستان. هەروەک چۆن دەوڵەتەکانی یەک لەدواییەکی ئەڵمان، پاش کۆتایی جەنگ و، هەتاکو ئەم دووایيانەش، هەموو ساڵێک، قەرەبووی زیانەکانی گیانی و دارایی دەدایەوە بە دەوڵەت و گەلی ئیسرائیل!

٢- هەموو ئەو کۆمپانیانەی کە لە دروستکردن و، بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژدا، یارمەتیی رژێمی سەددامیان داوە، بدرێنە دادگەی نێونەتەوەیی و، قەرەبووی دارایی بۆ زیانلێکەوتووانی قوربانییانی چەکی کیمیایی بکەنەوە و، دەوڵەتەکانیشیان، بەرەسمیی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن و، تیمارکردنی پاشماوەکانی کیمیاباران بگرنە ئەستۆی خۆیان! داواشیان لێبکرێت تا پشتگیریی نەتەوەی کورد بکەن بۆ ئەنجامدانی رێفراندۆم لە کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانێ ئازادانە چارەنووسی خۆی دیاربیکات.

٣- قەرەبووکردنەوەی سەرەکی و بنەرەتیی، بەدامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکرێتەوە و، تەنیا لەسایەی حکوومەتی سەربەخۆی کوردستاندایە، کە گەلی کورد دەتوانێت، گیان و ئاوڕوو و کەسایەتیی خۆی لە فەوتان و نەمان رزگار بکات و، لە سەروەت و سامانی نەتەوایەتی خۆی، لە بەرامبەر دەستدرێژی و تاڵان و برۆی دوژمنان و داگیرکەرانی پارێزگاری بکات. لەبەر ئەوە، پێویستە گەلی کورد، بەرژەوەندی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بناسێت و، جگە لە داوا و دروشمی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی ، شوێن هیچ دروشم و بەرنامەیەکی دیکە نەکەوێت و، بەرپەرچی هەر جۆرە دروشمێکی بریقەدارو نابابەتانە و، نانەتەوەییانەی وەک، "برایەتی" و "عێراقی وەکیەک" و "ژیانی هاوبەشی لەنێو سنووری داگیرکەرانی عێراق و ئێران و ترکیا و سووریا" بداتەوە، کە بەردەوام لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە بە گوێیدا دەدرێت.

سەرکەوتن هەر بۆ نەتەوەی قارەمان و خۆڕاگری کوردە!

**هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال و، هەموو شەهیدانی رێگەی سەرفرازی و، سەربەخۆیی کوردستان!**

**هەر شەکاوەبێت، ئاڵای بەرز و پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.**

# کۆمەڵکوژی و سووتاندن و، وێرانکردن

# Genocid And Holocoust

نووسینی:
مامۆستا محەمەد شەیدا
لەندەن – بەریتانیا

---------------------------

## ٢- رقهەڵگرتن و دڵڕەقی
Prejedice

رقهەڵگرتن و دڵرەقی، بارێکی دەروونییە کە لە هەندێک مرۆڤدا دەردەکەوێت. رقهەڵگرتن نموونەیەکی هەڵوێستە هەروەک لەم سێ خاڵەدا دیاریکراوە:

ئەلف – بەندێکی سەرەکیی کارتێکردنە هەست و سۆزمان ئاگادار دەکاتەوە، بەرامبەر ئامانجی کۆمەڵێک.

ب- بەندێکی سەرەکیی کارتێکردنە، ئاگادارمان دەکاتەوە لەبیرێکی باوەڕپێکراو، بیرێکە لەبارەی ئامانجی ئەندامانی کۆمەڵێک.

ج – رقهەڵگرتن، بەندێکی سەرەکیی هەڵسوکەوتێکە، یان رەوشتێکە، کە دەمانەوێت پێبهەستین بەرێگەیەکی مسۆگەر بەرامبەر ئامانجی کۆمەڵێک.

ئەم سێ بەندە سەرەکییە لەتەرازوودان، بۆنموونە، ئەگەر باوەڕمان روویەکی خراپی هەبێت بەرامبەر ئامانجی کۆمەڵەکەسێک، هەست و هەڵوێستمان رووی خراپی دەبێت و، بەپێچەوانەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێنە بیروباوەڕی چەسپاو

وباشتر دەزانین لەجیهانی کۆمەلاندا. ئەمەش یارمەتی ئەومان دەدات، بەسەرکەوتوویی تێکەڵ بین، هەر چەندە لەهەندێ بارودۆخدا رەنگە بەندە سەرەکییەکان لە تەرازووشدا نەبن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بکەین بە رەگەزپەرستی کە کارێکی زانراوە بۆ پێکهێنانی رقهەڵگرتن و خۆباشتر زانین.

رۆنکردنەوەی گشتی رقهەڵگرتن و دڵرەقیی، بریتییە لە هەڵوێستێک کە جۆرێکی تایبەتە لە کەسایەتیی مرۆڤدا. گەلێک زانا و کۆمەڵناس و دەروونناس لەو باوەڕەدان کە "رقهەڵگرتن" راستەوخۆ پێوەندیی بە "کەسایەتی" یەوە هەیە.

ساڵی ١٩٥٠ی زایینی، بۆچوونێکی تازە هێنرایە کایەوە بەناوی کەسایەتیی زۆردار **(Outhoritarion Personality)**. بەپێی ئەم بۆچوونە تازەیە، هەندێ کەس، تێگەیشتن و وەرگرتنی زیاترە وەک لە هەندێکی دیکە بۆ تێگەیشتن و، وەرگرتنی بیری رەگەزپەرستی، یان بیری فاشێتیی کە رەنگە لەنێو کۆمەڵدا بڵاوەی کردبێ لەو سەردەمەدا. رقهەڵگرتن و دڵرەقیی، کارێکی نەویستە و کارتێکردنی گەورەی هەیە بۆ سەر مرۆڤ و، زۆرجار شوێن بەجێدەهێڵێ لەزۆر کەسی جیاواز جیاوازدا و، کاردەکاتە سەر کەسایەتیی مرۆڤەکان.

رقهەڵگرتن دووجۆری هەیە:

١- رقهەڵگرتنی کاتی، بەمانای ئەوەی پاش چارەسەرکردنی کێشەکە و نەهێڵانی دووبەرەکایەتیی لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا، خاو دەبێتەوە و نامێنێ. بۆنموونە، ئەگەر دووکەس، ناخۆشییان بکەوێتە نێوانەوە، دار لەیەکدی هەڵدەگرن و، قسەی سووک بەیەکدی دەڵێن، بەڵام کە نێوبژێڤان بکەوێتە بەینەوە و رێکیانی خستەوە، ئەوا کێشەکە کۆتایی پێدێت و، رق لە یەکدی هەڵناگرن.

٢- ئەو رقهەڵگرتنەیە کە لە مرۆڤدا رەگ دادەکوتێ و بەهاسانی ئەو کەسە، ئەو رقە لەبیر ناکات و، بەردەوام هەوڵی تۆڵەسەندنەوە دەدات. بۆنموونە، کاتێ خوێن دەکەوێتە نێوان دوودستە کەسەوە، هەمیشە تەڵە بۆ یەک دەنێنەوە و، هەوڵی تۆڵەسەندنەوە دەدەن، زۆرجاریش بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەی، روو لە دوژمن دەکات بۆ یارمەتیدان و تۆڵەسەندن. لەنێوچەی **"بەهدینان"** ی باشووری کوردستاندا، دوژمنایەتیی کەوتە نێوان دوو دەستەوە. دەستەیەکیان لاواز بوو – نەیدەتوانی تۆڵەی خۆی وەربگرێ. کاتێک لەساڵی ١٩٦١ شۆرشی کورد روویدا، ئەو دەستە لاوازە، هەستان، بوون بە پیاوی دوژمن لەپێناوی تۆڵەسەندندا. هەروەها لەشەڕی نێوخۆی ساڵی ١٩٦٦، لایەک پشتی بە ئێران بەست و یارمەتی وەرگرت لێی، لایەنەکەی دیکەش بە تانکی بەعسی فاشیستەوە، دەیهەویست تۆڵە وەربگرێ.

گەورەترین و بەهێزترین هۆکارەکانی رقهەڵگرتن، دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتخوازی و هێزی کەسایەتیی (القوة الشخصیة).

**دەروونناس** Addorno et al **لەساڵی ١٩٥٠ی زایندا دەڵێت:**

"منداڵێک لەنێو خێزانێکدا پەروەردە بوویێت هەبێت لەو منداڵەدا و، رق هەڵگری لەدایک وباوکەکەی لەبری چەسپاندنی خۆشەویستیی و، هەروەها منداڵەکە تووشی پەستانی دەروونی و دڵەڕاوکە دەبێت (Stres). ئەمەش بەوە چارەسەر دەکرێت، کە ئەو دایک و باوکە شێوەی پەروەردەی منداڵەکەیان بگۆڕن و، ئەو رقهەڵگرتنە لە منداڵەکە خاو کەنەوە. ئەم رێگەچارەسەرییە نیشانەکانی کەسایەتیی دەچەسپێنێ.

رقگەڵگرتن زۆرجار بە مەرامە و پشت بەخۆی دەبەستێ لەزۆر جێگەی **جیاواز جیاوازدا**. ئێمە ئاشناین بەوەی کە پێیدەوترێت شێوەی کۆنی رقهەڵگرتن. ئەم جۆرە رقهەڵگرتنە ئەمڕۆ شتێکی ئاسایی نییە و، رەخنەیەکی کۆمەلایەتییە لەنێو کۆمەڵگەی خۆرئاواییدا. وەک لە ئەمریکادا، هەڵوێستێکی رقهەڵگرتن دروست بووبوو دژ بە

ڕەشپێستەکان لەساڵانی ١٩٣٠ی زاینیی، ئەم ڕقهەڵگرتنە لە ئەمریکادا بە مەرام بووە، چۆنکە ڕەگەزی سپی خۆی پێ لە ڕەگەزی ڕەش باشتر زانیوە. ڕەگەزی ڕەش هیچکات دەسەڵاتی سیاسی و، لەشکرییان بەدەست نەبووە و، لەژێر دەستی سپپێستەکاندا بە کۆیلەتی ژیاون، بەڵام ئەم ڕقهەڵگرتنە، بەرێگەی ڕژێم و یاسا و تێکەڵبوونەوە، وردە وردە خاو و کەم بووەوە، بەرادەیەکی وەها کە جیاوازییەکە نەما.

شێوەی ڕقهەڵگرتن، گەلێک نێوی لێنراوە، وەک "ڕەگەزپەرستیی نەویست"، "ڕەگەزپەرستیی سەردەم"، "ڕەگەزپەرستیی نیشانەیی، یان ڕەمزی" هەروەها "ڕەگەزپەرستیی دوژمنانە".

ئەم فاکتەرانەی خوارەوە، ڕۆڵ دەبینێ لەدروستکردن و پێکهاتنی ڕقهەڵگرتندا:

ئا- پشتبەستن بە کەسایەتیی خۆ!

ب- ژینگە، یان فاکتەری ڕۆشنبیریی! کە توندوتیژی تێدا بەکار هاتبێ، بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی و پشت بەستن بەخۆ، دەبێتە هۆی ئەوەی پەرچدانەوەی

ج- دەتوانین، سەرنەکەوتن دابنێین بە فاکتەرێک لە دروستبوونی دەروونێکی دوژمنانە (التقية العدائية).

## ٣- کەسایەتیی زۆردار (الشخصية الاستبدادية)

ڕقهەڵگرتنی زۆردار کەسایەتیی مرۆڤ دەگۆڕێت لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، بەپێی جۆری زۆردارەکە.

چەوسێنەر و زەبر بەدەست (المستبد) ئەم سیفەتانەی تێدا کۆدەبێتەوە:

**ئەلف- باوەڕی ڕق بە نرخدان بەنەریت (ڕقی لە لاسایی کردنەوەیە).**

**ب- ڕقهەڵگرتن لە کەسێک، یان لە کۆمەڵە کەسانێکی دیکە.**

**ج- وەرنەگرتنی بیروڕای کەسانی دیکە.**

**د- هەڵوێستی سەرشۆڕی و ملکەچی بەرامبەر چەند دەسەلاتییەک، یان دەسەلاتدارێک.**

بێگومان، ئەمانە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیی، کاتێک چەند کردارێکی نەویست و نابەجێ بەرامبەری کراوە، ئایا لەلایەنی دایک و باوک و کەسوکارییەوە بووبێت، یان لەلایەن کەسانێکی دیکەوە بووبێت. ئەوجا بەرپەرچدانەوەی ئەوە لەگەورەییدا، یان لەکاتی دەسەڵاتدارێتیدا دەردەکەوێت و، لێی سەرهەڵدەدا. ئەو کەسانەی دەبنە کەسایەتییەکی خاوەن دەسەڵات، وەک کۆمەڵەیەکی کۆمەلایەتیی وان. ئەمانە واهەست دەکەن مافی ئەوەیان هەیە فەرمان و بۆچوونی خۆیان بەسەر ئەوانەدا بچەسپێنن کە ژێردەستەیانن. بەو ڕێگەشەوە دەیانەوێ دڵنیابن، کۆمەڵگەکە گوێڕایەڵ و ملکەچیانە. کەسانی دەسەڵاتدار، هەوڵی ئەوە دەدەن هەڵوێستی خەڵک دیاری بکەن و، بیانبەستن بە خۆیانەوە.

## ٤- کەسایەتیی بەهێز Charisma

لێکۆڵەوەرانی سەردەم وای بۆدەچن، کەسایەتیی خاوەن دەسەڵات، بەتەواوەتیی مەرجەکانی "پایەدارێتیی" تێدا نییە، وەک هەندێک کەس کە باوەڕی وایە، بەڵکو زیاترە وەک لە کۆمەڵێ توانای کۆمەڵایەتیی.

بۆ نموونە توانای گەیاندنی فەرمان و ڕاوبۆچوون بۆ دەستەی ژێردەست، سەرۆک هەروەک ئەدۆڵف هیتلەر، ئەم جۆرە تواناییەی بەزۆری تێدا کۆببووەوە، ئەمەش بەشداری دەکات لە ملکەچپێکردنی کۆمەڵی ژێردەستە، بۆ ئەو فەرمانانەی پێیاندەسپێرێ.

## ٥- کەسایەتی و پێناسەی کۆمەڵایەتیی Favouritism and social identity

ئەگەر یەکەم کار، یان پرۆژەیەک کە پێویستە شوێنی خۆی بکاتەوە، پێش جێگرتنی کۆمەڵکوژیی، دەتوانێ شوێنی خۆی بکاتەوە لەنێو چینەکانی کۆمەڵێکدا. لەهەر کاتێکدا بتوانین چەند کەسێک دیاری بکەین وەک ئەندام لە چەند دەستەیەکی جیاواز جیاوازی خۆماندا، بایەخ دەدەین بە پێشاندانی کەسایەتی و خۆیایەتیی دەستەکەمان، ڕێز لە ئەندامانی دەستەکەمان دەگرین و خۆشمان دەوێن، (وەکو جاشەکانی خۆمان). لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوە بۆیە دەکەین کە ڕێز لەخۆمان بگرین. کورد گوتەنی: "ئەگەر ڕێز لە کەسان نەگریت، ڕێزت لێناگیریت!". هەر شتێک بە دەستەکەمانەوە پابەندبێت و، ببەسترێتەوە، کەسانی دیکەشی پێوە دەبەسترێتەوە. هەروەها کەسایەتی و خۆیایەتیی دەستەکەمان، شتێکی ئاسایی نییە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵکوژیی، بەڵکو حاڵەتێکی پێویستە بۆ ئەوکارە کە شوێنی خۆی بگرێت.

## زۆردارێتیی Autthoritarianism (الاستبدادية)

ئاشکرایە لە لێکۆڵینەوەکانی زۆرداریدا، جۆری کەسایەتیی دیاریکراو پابەندە بە نموونەی منداڵی پاشەبەرەوە (دوامنداڵی نێو خێزان)، بەتایبەتیی چۆکدادان بۆ ملکەچی و زۆرداری و ڕقهەڵگرتن.

دەروونناسەکان هەستاون بە لێکۆڵینەوەی ئەو فاکتەرە بە توانایانەی کە بوونەتە هۆی سووتاندن و وێرانکردن HOLOCAUST. پێشنیازیان کردوە کە کارتێکردن گەورەترین رووداوی زۆرداریيە لە ئەڵمانیای ١٩٤٠. ئاشکرایە لە لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسانی کۆمەڵایەتیدا کە وا ئێمە هەموو چۆک دائەدەین بۆ رقهەڵگرتن و ملکەچی رووخێنەر. هەر چۆنێک بێ رەنگە زۆرداریی چۆکدادەری ئەم جۆرە رەوشت و کارتێکردنە بێت.

ئاشکرایە، ملکەچی و هێز و، کەسایەتیی بەهێز، کەسایەتی و خۆیایەتی و زۆرداریی، هۆیەکن بۆ کارتێکردنە سەر جێنۆساید و سووتاندن و وێرانکاریی، هەرچەندە فاکتەری دیکە هەیە کەلای ئێمە ئاشکرا نییە.

**ئایا هەر یەکە لەم فاکتەرانە زۆر گرنگن بۆ روودانی جینۆساید و هۆلۆکاست؟**

**ئایا هیچ فاکتەرێکی تایبەت هەیە بۆ روودانی جێنۆساید و هۆلۆکاست؟**

**ئایا پێویست دەکات جیاوازیی ئەندامان بایەخی بۆ دابنرێت لە قەرارەگرتنی کەسایەتیی زۆردار و بەهێزدا؟**

ئەم پرسیارانە بەناڕۆنی ماونەتەوە و، بەتەواوەتیی ئاشکرانین. بەهەر چۆنێک بێت، بیرکردنەوەی زۆر بەگشتی بۆ چەند ساتێک، ئایا هۆکارە سایکۆلۆجییەکان زۆر گرنگن بۆ روودانی جێنۆساید؟! مێژووناسەکان و زانیارەسیاسەناسەکان و، ئابووریناسەکان، زنجیرەیەک جێگرەوە (بەدیل) یان هەیە بۆ خستنەروو و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی جێنۆساید کە فاکتەرە سایکۆلۆژییە کۆمەڵایەتییەکانی پێوە نەلکاوە بەهیچ شێوەیەک، هەر چەندە زۆر گرنگە بۆ بیرکردنەوەی رەخنەیی و نرخاندنی ئەو پرسیارانە، رەنگە وادەرکەوێ، کە سایکۆلۆجی کۆمەڵایەتیی، بەگرنگی و بە بایەخی بمێننەوە بۆ تێگەیشتنی جێنۆساید.

لەکۆتاییدا وام پێباشە، چەند نموونەیەک بهێنمەوە لەسەر جێنۆساید و هۆلۆکاست!

کۆمەڵکوژیی ئەرمەن، رێکەوتی ١٩١٥/٤/١٥ی زایینیی.

کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان، رۆژی ١٥ی نیسانی ساڵی ١٩١٥ی زایینی دەستپێدەکات، لەلایەن لەشکری عوسمانییەوە. پێشەکی ئەم کۆمەڵکوژییە بە راگواستنی زۆرەملی دەستپێدەکات. یەکەم راگواستنی ئەرمەنییەکان، راگواستنی شاری **"ئەنەدۆل"** ە (Anadolia)، کە دەگوێزرێنەوە بۆسەر سنووری رووسیا. راگواستنی ئەرمەنییەکان بەم شێوەیە بوو:

**١- لەرۆژی ١٩١٥/٦/٢٦ وە راگواستنی دانیشتووانی شارەکانی خارپووت Xarput و تریبزۆند Tribzond دەستپێدەکات.**

**٢- لەرۆژی ١٩١٥/٦/٢٧ راگواستنی شاری سامسۆن Samson.**

**٣- لەرۆژی ١٩١٥/٧/١٠ شاری مەلاتیا Melatia .**

**٤- رۆژی ١٩١٥/٧/٢٦، نێوچەی ئەرزرۆم**

**٥- رۆژی ١٩١٥/٧/٢٧، دانیشتووانی نێوچەکانی سەر زەریا لە سیلیزیا و ئەنیتۆش رادەگوێزرێن.**

**٦- رۆژی ١٩١٥/٧/٢٨، دانیشتووانی عەینتاب رادەگوێزرێن.**

**راگواستنی ئەرمەنییەکان لەبەشی خۆرئاوای ئاسیای بچووک بەم جۆرە بوو:**

**١- لەنێوان رۆژانی ١٠ – ١٩ی مانگی ئەگۆست/١٩١٥، دانیشتووانی شاری برووسە Bruse بەزۆرەملی راگوێزران.**

**٢- رۆژی ١٦ی ئاب (ئەگوست) ی/١٩١٥، ئەرمەنییەکانی شاری کۆنیا Konia راگوێزران.**

هەموو پیاوانی ئەرمەنی، کە لەنێو سوپای ترکدا بوون، پێش دەستپێکردنی شاڵاوی راگواستن بۆ سەریان، هەموویان چەک کرابوون. پاشان هەموو پیاوەکانیان خستە ژێر کاری قورسەوە.

شایانی باسە، تەنیا شاری ڤان Van بەرهەڵستی راگواستنی زۆرەملی کرد و، بەرامبەر عوسمانییەکان وەستان، بەڵام بەداخەوە بێپشت و بێدەسەڵات بوون، لەبەر ئەمە خۆیان دا بەدەستەوە.

ژمارەی ئەو ئەرمەنانەی جێنۆسایدکران، وەک مێژوونووسی ئەڵمانی **"پاستور جوینس لیپسوس Pastor Johnnes Lepsiws"** لای خۆی تۆماریکردوون، گەیشتووەتە یەک ملیۆن کەس.

زۆر لەو ئەرمەنییانەی لە راگواستن و کۆمەڵکوژیی رزگاریان بوو، رایانگواستن بۆ نێوچەی دەشتەکانی **مسیۆپۆتامیا** کە بە ترس و لەرز و رەشورووتی و برسێتیی دەژیان، لەگەڵ ئەوەشدا خێڵەکانی دەشتەکی عەرەب هێرشیان دەکردە سەریان و ژنەکانیان دەرفاندن و خراپەیان لەگەڵدا دەکردن و، بەزۆر دەیانکردنە ئیسلام.

یەکێک لەو کەسانەی کە ئەم کارەساتانەی بەچاوی خۆی دیوە، "نێرسێکە" لە نەخۆشخانەی شاری **"خارپووت" بەناوی ( Edith Woods)** دەڵێ:

"کاتێک منداڵیان دەهێنا بۆ نەخۆشخانەکە بۆ چارەسەرکردن، پێش تۆمارکردنی ناوەکانیان دەمردن و، گیانیان لەدەست دەدا. لەرۆژێکدا ٤٠ – ٥٠ پیرەمێرد و پیرەژن دەمردن. ئەو خەڵکە لە برسا دەمردن. ژنان بە خوێن بەربوون (نەزیف) دەمردن و، منداڵەکەیان لەبار دەچوو. کەس نەبوو ئاوڕیان لێبداتەوە و، پارمەتییان بدات. لەشاری "مەلاتیا" لاشەی مردووی ئەرمەنییەکان لەسەر شەقامەکان کەوتبوون، کەس نەیدەوێرا بیاننێژێت. بەڕاستیی، راگواستنی زۆرەملیی جۆرێکە لەمردن و، لە مردنی ئاسایی زۆر ترسناکترە. وەک مردن لە قەساوخانە وایە. چونکە هەموو سات و کاتێکیان مردنێک بوو.

کۆمەڵکوژیی ئەرمەن، بەپێی بڕیاری رەسمی دەوڵەت، ساڵی ١٩١٦ ی زاینی کۆتایی پێهات، بەڵام لەزۆر نیوچەدا، کاربەدەستان و، ترکانی دانیشتووی شارەکان، کۆمەڵکوژییان تا ساڵی ١٩٢٠ درێژەپێدا. کاتێکیش عوسمانییەکان ئەرمەنستانی رووسیایان داگیرکرد، بەلانی کەمەوە ١٠٠ هەزار ئەرمانیان قەڵاچۆ کرد، لە ئەنجامدا یەکێتیی سۆڤێت قەدەخەی کرد کە تورکەکان بەردەوام بن لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان.

## کۆمەڵکوژیی راوەندە
## Rawanda Genocaid

جێنۆسایدی راوەندییەکان، کۆمەڵە خێلکێکی ئەرمەنی و فەلە بوون کە لە شاری راوەندە دەژیان، لەنێوان مانگی گوڵان (نیسان) و تەمووز (پووشپەڕ) ی ساڵی ١٩٤٤ ی زاینی قەڵاچۆکران و، لەنێوان ٥٠٠ – ٨٠٠ هەزار کەسیان تێدا چوون ، جگە لە رفاندن و دەست و قاچ بڕاو کە ژمارەیان لە کوژراوەکان زیاتر بووە.



جۆری کۆمەڵکوژیی شاری تووتسی لە راوەند، بەشێوەی هیچ کۆمەڵکوژییەکی دیکە نەبووە. پێش کوشتنیان دەستیان دەبڕین، پاشان قاچیکیان. هەر رۆژەو ئەندامێکی لەشیان دەبڕینەوە تا گیانیان دەدا بەدەستەوە.

یەکێک لەوانەی لەشاری تووتسی، بەچاوی خۆی جێنۆسایدی راوەندی بینیوە، دەڵێ: "لەکاتی کوشتنی خەڵکەکەدا، گوێم لە تەقەی چەک و تەقینەوەی بۆمبای دەستکرد و، قیژە و هاوار و گریان بوو. تورکەکان، سەرباز و خەڵکی رقداری تورک، بە چەکەوە هێرشیان دەکردە سەر خەڵکەکە و، گوشیان دەپژاند بەنێویاندا و، بۆمبای دەستکردیان فڕێدەدایە نێویانەوە. پاشان دەستەکانی هێرشبەر دەهاتن و، یەکە یەکە بریندارەکانیان دەکوشت. بۆ دڵنیابوون لە مردنیان، دواگوللەشیان دەنا بە مێشکیانەوە. لە ئەنجامدانی ئەم کارەساتە دڕندانە و نامرۆڤانەیە، لەپێشدا، رۆژانی پێنج شەممە و هەینی پەلاماری شارەکەیان داوە و، لەبەرەبەیانی رۆژی شەممەی رێکەوتی ٢١ ی نیسانی ساڵی ١٩٤٤ تێکڕای دانیشتوانەکەیان قەڵاچۆکردووە".

**بینەرێکی دیکە دەڵێت: "ئێمە لەترسی کوشتن و بڕین، لە کۆخێکی خوێندنگەی کشتوکاڵیدا خۆمان حەشار دابوو. کاتێک سەرمان دەرهێنا، بینیمان دەورە دراوین. هەوڵی ئەوەماندا خۆمان بپارێزین و، بەردەبارانمان کردن، تا کشانەوە، بەڵام دەستەیەک پۆلیسی دیکەیان بۆ ناردین و، پۆلیسەکانیش تەقەیان بەنێوماندا کرد و، نارنجۆکیان فڕیدایە نێومانەوە و، بەدەیان کەسمان لێ کوژرا و بریندار بوو.**

**"تەواو"**

# ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەڕوانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە!

(٢٢)

## رفراندۆم بۆ دیاریکردنی یەکەمین سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران

پاش دامەزراندنی کۆماری ئەسلامیی ئێران، سەرەتا بۆ پێراگەیشتن و بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، دەوڵەتێکی کاتی دامەزرا و، هەندازیار بازرگان، لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکوەزیرانی ئێران. ئەوجا دەوڵەتی بازرگان، رۆژی پێنجی رێبەندانی ١٣٥٨ ی هەتاویی دیاریکرد بۆ هەڵبژاردنی یەکەمین سەرکۆماری ئێران. کاندیداناسراوەکان، بریتیبوون لە: **عەبولحەسەنی بەنی سەدر، ئەحمەد مەدەنی ستانداری خوزستان، حەسەن حەبیبی (نوێنەری نێوەندی زانستی ئاینیی قوم)، سادق قوتبزادە، سادق تەباتەبایی، داریووش فرووهەر و، دوکتۆر کازمی سامی.** لەنێو رێکخراوە سیاسییەکانیشدا، **مەسعوود رەجەوی – سەرۆکی رێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران،** خۆی کاندید کردبوو. رەجەوی، لەلایەن چینی رۆشنبیران و خوێندکارانی ئیسلامییەوە پشتیوانی دەکرا. کۆمیتەی هەڵبژاردن، پاش چەند رۆژ نێوی موسعوود رەجەوییان لەلیستی کاندیداکان سڕییەوە. پتر لە ١٤ ملیۆن لە دەنگداندا بەشدارییان کرد. لەو ژمارەیە، ١١/٧٠٠٠٠٠ (یانزە ملیۆن و حەوت سەد هەزار) کەس، دەنگیان دا بۆ بەنی سەدر. بەوجۆرە رۆژی پێنجی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی، بەنی سەدر بوو بە یەکەمین سەرکۆماری رژێمی ئیسلامیی ئێران. دوای ئەوەش لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە، دەسەڵاتی زیاتری پێبەخشرا و، کرا بە فەرماندەی گشتیی سوپای ئێران.

ئەوکات و، رەنگە ئێستاش، لای زۆر کەس ئەو پرسیارە دروست بووبێت، کە هۆی چی بوو، ئایەتوڵڵا خومەینیی، لەنێو سەدان ئایەتوڵڵا و پێرەوانی نێزیکی و، موسڵمانانی تێکنۆکراتدا، بڕیاریدا بەنی سەدر هەڵبژێرێ و، ئەم باوەڕ و متمانەیەی خومەینی بەرامبەر بەنی سەدر، لەکوێوە سەرچاوەی گرتبوو؟! بۆ زانینی ئەم نهێنییە، پێویستە ئاماژەیەکی کورت، بە ژیانی بنەماڵەیی بەنی سەدر و، مێژووی ناسیاویی نێوانیان بکەین!

**عەبدولحەسەنی بەنی سەدر، کوڕی ئایەتوڵڵا سەید نەسروڵڵای بەنی سەدر، ساڵی ١٩٣٣ی زایینی، لە گوندی "باخچە"** ی نێزیک شاری **هەمەدان (پێتەختی ئیمپراتۆریی ماد)،** لە بنەماڵەیەکی ئاینیی هاتووەتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتای و دوانێوەندیی لە شاری هەمەدان تەواوکردووە. پاشان لە زانستگەی تاران لە بوارەکانی ئابووری و فەلسەفەی ئیسلامیدا درێژەی بەخوێندن داوە. ساڵی ١٩٦٣، بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە بۆ پاریس. ساڵی ١٩٦٤، لەکاتی پشووی هاوینەدا، چووە بۆ عێراق – بۆ سەردانی باوکی لە شاری ئاینیی **نەجەف.** لە نەجەف، لە نێزیکەوە **ئایەتوڵڵا خومەینی** بینیوە و، لەبیروباوەڕی ئاگادار بووە. تاکاتی مانەوەی لەوێ، هەموو رۆژێک سەردانی خومەینی کردووە و، گوێی لە قسە و بۆچوونەکانی گرتووە. لە گەڕانەوەیدا بۆ فەرەنسا، بووە بە ئەندامێکی چوست و چالاکی ئەنجومەنی خوێندکارانی ئیسلامیی.

لەگەڵ پەرەگرتنی خۆپێشاندانەکان و مانگرتنی سەرتاسەریی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ و، ناردنی پەیامەکانی یەک لەدواییەکی خومەینی بۆ جەماوەری راپەڕیوی ئێران، سەددام حسێن، لەسەر داوای حکوومەتی شا، ئایەتوڵڵا خومەینی لە وڵاتەکەی دەرکرد. پاش چەند رۆژێک، خومەینی بەرەو فەرەنسا رۆیی و، لە گوندی "نۆفل لۆشاتۆ" ی نێزیکی پاریس نیشتەجێ بوو. بەنی سەدر پێوەندیی لەگەڵ گرتەوە و لەلای مایەوە و، لەگەڵ کۆمەڵێک لەمەلاکان و، ژمارەیەک لە موسڵمانانی تێکنۆکرات، کە لە دەوروبەری خومەینی کۆببوونەوە، بیرۆکەی دامەزراندنی حکوومەت و دەولەتی نوێیان لەدوای رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا لای خۆیان گەڵاڵە کرد. بەڵام بێگومان ئەو سیستەمەی خومەینی لە مێشک و خەیاڵیدا بیری لێدەکردەوە، ئەو شتە نەبوو کە لای کەسانی دەوروبەری دەیدرکاند و، سەرزارەکیی، یان بە نووسراوە، بەڵێنی وەدیهاتنیانی بە گەلانی ئێران دەدا.

هەر لە سەرەتای وەرزی پاییزەوە، مانگرتن و خۆپێشاندانەکان، نێوەندەکانی ئابووری و کرێکاری و، خزمەتگوزاریشی گرتەوە. مانگرتنی کرێکارانی نەوت و سەرجەمی پاڵاوگەکانی باشووری ئێران،زەبرێکی گورچوبڕی لە رژێمی شا دا و، رەوتی رووخانی خێراتر کرد. رۆژی ٢٦ی بەفرانبار، بە هەڵاتنی شا و شاژن لەفرۆکەخانەی تارانەوە بەرەو وڵاتی میسر، بەتەواوەتیی رێ لەبەردەم گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینیدا تەخت و هەموار کرا و،

ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندان لە پاریسەوە بەرەو ئێران گەڕایەوە و، دەوڵەتی کاتی شاپوور بەختیار کە لەلایەن شاوە دەستنیشانکرابوو، بە نایاسایی دایە قەڵەم، کە بەختیار و ئەندامانی کابینەکەی خۆیان شاردەوە. ئەوەش دواکۆسپی سەرڕێی خومەینی بوو کە سەرکەوتووانە لەنێوی برد و، دەسەڵاتی هەموو ئێرانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

**بەگێڕانەوەی ئەم کورتە مێژووە، هۆی سەرەکیی بڕوا و متمانەی لەرادەبەدەری خومەینی، بەرامبەر بەنی سەدرمان بۆ ڕۆنبووەوە و، دەگەڕێینەوە سەر باسەکەمان!**

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لەنێو لیستی کاندیداکانی سەرکۆماریدا، لەپێشدا رایگەیاند، پشتگیری لە مەسعوود رەجەوی دەکات. بەڵام کاتێک زانییان موجاهدین و رەجەوی لە هەڵبژاردن وەلانراون، رایانگەیاند بەشداری ناکەن! دیارە لەنێو ئەندامانی سەرکردەیەتیی حیزبی دێمۆکراتدا، سەبارەت بە بەشداریکردن، یان بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردندا دەمەتەقێ و لێدوانی زۆر کرابوو. بەرەی حیزبی توودە خوازیاری ئەوە بوون کە حیزب لە هەڵبژاردندا بەشداری بکات و، گوێ لە پرۆپاگەندەی نابەرپرسیارانەی دەوروبەری نەگرێت، کە دیارە مەبەستیان مامۆستا شێخ عێزەدین و کۆمەڵە بوو! کۆمەڵە و شێخ عێزەدین، هەر لەسەرەتاوە، رایانگەیاندبوو، لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکەن و، دەیانگوت: (لەماوەی ئاگربەس و وتووێژی نێوان دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کورد، لەگەڵ "شاندی نیازباشی" دا، ڕژێم هیچ هەنگاوێکی سەبارەت بە جێبەجێکردنی مافەکانی گەلی کورد، هەڵنەهێناوەتەوە، بەپێچەوانەوە هەرخەریکی پیلانگێران و بەهێزکردنی سوپاکەیەتی لە کوردستان. لەبەر ئەوە، لە رفراندۆمی سەرکۆماریدا بەشداری ناکەن. دیارە بۆچوونەکەشیان ڕاست بوو، لەبەر ئەوە خەڵکێکی زۆر لە کوردستان، بەتایبەتیی لە شارەکان دژی رفراندۆم بوون. دوکتۆر قاسملوو بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، وای بەباشزانی نەچێتە ژێر گوشاری بەرەی حیزبی توودەوە. لەبەر ئەوە بڕیاریدا حیزبی دێمۆکراتیش لە هەڵبژاردندا بەشداری نەکات. بەوجۆرە، ڕێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران و، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆمەڵە و مامۆستا شێخ عێزەدین، لەبەرەیەکی رانەگەیەندراودا، رفراندۆمیان بایکۆت کرد و، داواشیان لە خەڵک و لایەنگرانیان کرد تا بەشداری نەکەن. دیارە، بەشداریکردن، یان نەکردنی ئەم لایەنانە و، تەنانەت لایەنی دیکەش، هیچ دەور و کارکردێکی لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکان نەدەبوو، چۆنکە ئایەتوڵڵا خومەینی، لەپێشدا عەبدولحەسەنی بەنی سەدری بۆ سەرکۆماری دەستنیشانکردبوو. دەنگدانی خەڵکیش ڕۆتینی و بۆ چاوبەستن و، ڕەوایەتیدانێکی یاسایی بوو بە هەڵبژاردنەکەی بەنی سەدر لای دنیای دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، نواندنی یەکهەڵوێستیی لەلایەن ڕێکخراوەکان وسەرۆکایەتیی کوردەوە، **"تەنیا بۆ جارێکیش"**، دیسان هەر جێی دڵخۆشی بوو!

## پیلانی ڕژێم بۆ هەڵوەشاندنەوەی "دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کورد!"

لەسەروبەندی پێش هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، شاندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، چووبوونە قۆم و تاران و، لەوێ چاویان بە ژمارەیەک لە کاربەدەستان و مەلا پایەبەرزەکانی وەک **ئایەتوڵڵا مکارم شیرازی** و ژمارەیەک لە ئەندامانی تایبەتی ڕژێم بۆ کێشەی کوردستان کەوتبوو. پاش هەڵبژاردنی بەنی سەدر و، دوابەدوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێمۆکرات **(کە لە مەهاباد بەڕێوەچوو و، لەبەشەکانی پێشوودا لەبارەیەوە نووسیومە)**، جارێکی دیکە، شاندی حیزب، چوونەوە بۆ تاران و، لەگەڵ بەنی سەدر دیداریان ئەنجامدا و، پیرۆزبایی سەرکەوتنی سەرکۆمارییان کردلێی. شاندی حیزبی دێمۆکرات لە سەردانەکەیاندا، بریتیبوون لە: **خاتوون فەوزییە قازی، کاک عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کاک غەنی بلووریان، کاک نەویدی موعەینی** و **کاک ئەحمەدی قازی. شایانی باسە، جگە لە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، چوار ئەندامەکەی دیکەی شاندی حیزب، وەک ئەندامی ڕەسمی حیزبی توودە چاویان لێدەکرا. ئەوەش سەرکەوتنی لایەنگران و بەرەی حیزبی توودەی، لەنێو حیزبی دێمۆکراتدا پیشاندەدا، کە توانیبوویان لە کۆنگرەی چواردا گەشەی بەرچاو بە ڕێکخستنی خۆیان لەنێو حیزبدا بدەن.**

شاندی حیزب لە تاران، بەرنامەیەکی تازەی **"خۆدموختاری"** نووسیبوو، کە لە (٦) **مادە و (٨) "تبصره" (تێبینی)** پێکهاتبوو. سەرکۆمار بەنی سەدر، بەڕواڵەت ڕەزامەندیی خۆی بەرامبەر نێوەرۆکی بەرنامەی خودموختاری حیزبی پێشاندەدات، بەڵام وەک دواتر ئاشکرابوو، ئایەتوڵڵا خومەینی و، مەلاکانی دەسەڵاتدار، بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون خۆیان لە قەرەی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی سەرۆکایەتیی حیزبی دێمۆکرات بدەن. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی، بڕوایان بە بەخشینی دەسەڵاتی نێوخۆیی هەرێمەکان و مافی فەرهەنگی نەتەوەکانی نافارس نەبوو. لەبەر ئەوە، نەتەنیا نەچوونە ژێرباری جێبەجێکردنی داخوازییەکانی حیزبی دێمۆکراتەوە، بەڵکو، نەخشە و پیلانێکی دیکەیان بۆ کورد دەگێڕا، کە ئەویش، هێرشی گەورەتری سەربازی و، سەرکوتی خەڵک و، لەنێوبردنی هێزی پێشمەرگە بوو. هاوکات، ئەنجامدانی گفتوگۆی نوێنەرەکانی ڕژێم لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات، کە هەمیشە بەشێوەی نارەسمی بەڕێوە دەچوو و، لەمیدیای ڕژێمەوە ڕەنگی نەدەدایەوە، ئەو سوود و قازانجەشی بۆ ڕژێمی مەلاکان هەبوو، کە توانییان، بە دانی گفت و وادە و بەڵێنی درۆ، بەرە بەرە حیزی دێمۆکرات، لە "دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کورد"، دابڕێنن

و جیای بکەنەوە و، رازیی بکەن، بەجیا و یەکلایەنە، بۆ خستنەڕووی داخوازییەکانی کورد، لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا دیدار بکات.

**حیزبی توودە و، ئەو ژمارەیە لە دەسەلاتدارانی ئێران کە مەلا نەبوون و، لە تێکنۆکراتەکان و، ئەندامانی کۆنی "جبهه ملی ایران" (بەرەی ناسیۆنالی ئێران) و، "نهضت آزادی ایران" پێکهاتبوون، لە دانووستان و کۆبوونەوەی جیاجیایان لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بەردەوام بە گوێیاندا دەدا و دەیانگوت:**

**"کاربەدەستانی ئێران، و، هەموو لایەنەکانی حکوومەتی و ناحکوومەتی، تەنیا حیزبی دیمۆکرات، وەک حیزبێکی سەرەکی و بەرپرسیار لە کوردستانی ئێران بەرەسمی دەناسن! "کۆمەڵە" گروپێکی ناپەرپرسیار و توندرەوە و ئاژاوەچییە و، بەهۆی پێرەوکردنی بیری کۆمۆنیستی و، سیاسەتی توندڕەوانەوەیە، کێشە و ئاڵۆزیی لە کوردستان زیاتر دەکات. لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەک نایانەوێت، لەگەڵ کۆمەڵەدا گوتوبێژ بکەن. هەروەها "شێخ عێزەدین حسێنی" ش راستەوخۆ لەدەستی ئەو لایەنە توندڕەوانەدایە. تێرادیوی و چاوەڕوانیی ئێمە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، وەک (حیزبێکی مسئول) ئەوەیە، بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و، چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئاشتی و بەشێوەی سیاسیی، لە سیاسەتی توندڕەوانەی کۆمەڵە و شێخ عێزەدین دووربکەوێتەوە!".**

دیارە حیزبی دێمۆکراتیش ئەو زەوینەیەی تێدا بوو، بەپێرەویکردن لە سیاسەتی دارزاوی **ستالین** کە ئێستاش ریشەی لەنێو بەرنامە و **"عەقڵییەتی"** زۆربەی هەرەزۆری حیزبە سیاسییەکانماندا ماوە، وتە و دروشمی سەرزاری، **"حیزبی تاقانە"** و **"حیزبی پێشڕەوی گەلی کورد"** و **"رێبەری بزووتنەوەی گەلی کورد لە کورستانی ئێران"**، و... هتد، پێی خۆش نەبوو کۆمەڵە خۆی بەسەر پێوە بگرێت و گەورە ببێتەوە و، پێ بگات. حیزب، سەبارەت بە مامۆستا شێخ عێزەدینیش، هەر بەو چەشنە بیری دەکردەوە و هەوڵیدەدا، لە دەور و پشتیوانیی جەماوەریی شێخ عێزەدین کەم بکاتەوە کە لە میدیای دەرەوە و، نێوخۆی ئێران، هەموو جارێک بە سەرۆکی ئاینی و سەرۆکی شاندی کوردی رۆژهەڵات نێوی دەبرا. کۆمەڵە و شێخ عێزەدین، هەرزوو هەستیان بە سیاسەتی تێکدەرانەی دەولەت و، هەوڵی یەکلایەنەی حیزبی دێمۆکرات بۆ ئەنجامی وتووێژ و رێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا کردبوو. بەڵام ئەمانیش، لەباتی ئەوەی بەشێوەی هێمنانە و، لەپێناو پاراستنی یەکڕیزی گەلی کورد و، ئامانجەکانی، هەوڵی راگرتنی دەستەی نوێنەرێتیی کورد بدەن و، لەگەڵ حیزبی دیمۆکراتدا کۆببنەوە و، داوای لێبکەن، یەکڕیزیی دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کورد تێکنەدات، بەپێچەوانەوە، لە هەل و بیانوویەکی وادەگەڕان تا حیزبی دێمۆکرات هەڵەیەک بکا و، ئەمانیش راگەیاندراوە لەدژی بڵاوبکەنەوە. کۆمەڵە بەتایبەتیی، بەهۆی زاڵبوونی بیری چەپی کلاسیک و، کلیشەهەڵگرتن لە تیۆری ماو سەرۆکی چین، نێوی حیزبی دێمۆکراتی لەلیستی رەشی **"نوێنەری چینی بۆرژوا و کۆنەپەرستی نێوخۆ"** دا نووسیبوو. لەگەڵ نواندنی هەر هەڵوێستێکی یەکلایەنە لەلایەن حیزبەوە، یەکسەر خۆپێشاندانی رێدەخست و، دروشمی **"بمرێ سازش کار"** لەدژی حیزب دەدرا و، لەو باوەڕەدا بوو، بەرێخستنی هەر خۆپێشاندانێک و، بەنووسینی هەر راگەیاندراوەیەکی توند و ئاگرین لە دژی حیزبی دێمۆکرات، هەنگاوێک و پلیکانێک، خۆی لە گەیشتن بە **کۆماری دێمۆکراتیکی گەل و، سۆسیالیزم** نزیکتر کردووەتەوە.

بەکورتی، پاوانخوازی و بیری تەسکی حیزبایەتی و، نەبوونی بیروباوەڕی نەتەوەیی و ناتەبایی لەنێو "دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کورد" خۆیدا، بوونە هۆی ئەوە کە ئەو دەستە و بەرە کوردییە، ئیدی کارایی و رۆڵی خۆی لەدەست بدات. دژایەتی حیزب و کۆمەڵە لەگەڵ یەکدیی، رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر پەرەی دەگرت و، پێوەندیی نێوانیان بەرەو گرژی و ئاڵۆزبوونی زیاتر دەبرد. لەو نێوەشدا ئەوی سوودی لەناکۆکیی نێوان کورد و، لە بارودۆخەکە دەبینیی، بێگومان کۆماری ئیسلامیی بوو.

سوپای ئێران، مانگی بەفرانباری ساڵی ١٩٧٩، لەشاری کرماشانەوە هێرشی هێنا و، شارۆچکەی **"کامیاران"** ی داگیرکردەوە. ئەوەش سەرەتایەک بوو، بۆ راگەیاندنی هێرشی دووبارە و سەرتاسەریی بۆ سەر ستانەکانی **سنە** و **ورمێ** کە نێوەندی چالاکی پێشمەرگە و نارەزایەتیی جەماوەریی بوون لەدژی رژێم. بەسەتان پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و چریکی فیدایی و، رێکخراوەکانی دیکە، بۆ پێشگرتن لە هێرشی سوپای ئێران، بەرەو نێوچەی کامیاران رۆیشتن. هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات و چریکی فیدایی بەرەیەکی هاوبەشیان پێکهێنا و، پێشمەرگەی کۆمەڵە و، چەندین رێکخراوەی چەپی بچووکی ئێرانی، بەنێوی رێکخراوەی **"پەیکار" و، "رزمندگان" و، "اتحادیه کمونیست های ایران"**، لەژێر فەرماندەیتیی کۆمەڵەدا، بەرەیەکی هاوبەشیان بۆ بەربەرەکانێکردنی سوپای ئێران پێکهێنا.

**خوێنەرەوەی هێژا!**

**لێرەدا کۆتایی بەنووسینی ئەم زنجیرەیە دێنم. لەسەر داوا و پێشنیازی کۆمەڵێک لە مامۆستایان و هاوبیرانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، هیوادارم بتوانم لەداهاتوودا سەرجەمی ئەم بەشانەی لەپێشدا چاپکراون، لەگەڵ درێژەی بابەتە لە پەرتۆکێکدا کۆیان بکەمەوە و لە چاپی بدەم.**

**"سیروان کاوسی"**

نامەیەکی سەرئـــاواڵە بۆ:
ـ ڕێکخـــراوەکانی مافی مرۆڤ.
ـ پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ.
ـ بەشدارانی بەیاننامەی مافی مرۆڤ.
ـ کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆست و ئازادیخوازەکان.
ـ هەموو ئەو کەسانەی بۆ وەدیهێنـــانی مافەکانی مرۆڤ هەوڵدەدەن.

## جەژن

**هەوری لای ئێمـــە**
**لە هەوری هیچ ئاسمـــانێکی تر ناچێ**
**کە دائەکات و ئەبارێ**
**لەچوار لاوە ئاوی چاوانی دەدزرێ**
**خاکی ئێمـــە**
**لە هیچ خاکێکـــی تر ناچێت**
**خۆی یەک دڵە و**
**هە موو ڕۆژێ بە چوار خاج دائەکوترێ**
**دایکی ئێمـــە**
**لە هیچ دایکێکی تر ناچـــێ**
**لە یە ک ساتـــدا سکی ئە و چوار جار ئە سووتێ**
**بۆیە ڕۆژێ**
**لە ئاهەنگی ئەم خوێنـــە دا**
**چـوار جەژن ئەکەین بە جەژنێک.**

**وا باوە**، لە کاتی خۆشیدا، خەڵک بۆ دابەشکردنی شادییەکانیان ڕستەی جوان و پیرۆزبایی ئاراستەی یەکتری دەکەن، بەڵام ئێمە لەم ڕۆژەشدا هەر پەرۆش و خەمبارین و لە جیاتـی شایی و پێکەنین، شین دەگێڕین. شین بۆ ئەوانەی تا دوێنێ هاوڕێ و هاوڕێبازمان بوون و، ئێستـا لە نێومان نەماوون و، گیان و لەشی خۆیان کردە سووتەمەنی ڕێگەی ئازادیی کوردستـان. بۆ ئەوانەی بە ناڕەوا سەریان چووە سەر سێدارەکانی داگیرکەران. بۆ دایکە جە رگبراو ەکانی وڵاتمـــان کە لە ڕۆژانی چوارشەممۆ سوریدا دڵی ڕۆڵە کانیان بە گوللەی دوژمنانی ئازادی لە لێدان کەوت. بۆ ئەو منداڵانەی هەتیو و بێ باب مان. بۆ ئەو خوشکانەی فرمێسکی خوێنین بۆ برای جوانەمەرگیان دەڕێژن. نازانم لە چیرا دەس پێبکەم. بۆ سەرەتای نامەکەم چ بنووسم! بەلام ئەوە دەزانم کە بڕیـارە سپیـــتی ڕووی ئەم لاپەڕەیە بە دەردە بێئەژمارەکانی گەلەکەم ڕەش بکەمەوە. بەڵام لە کام دەرد بدوێم، بۆ سەرەتا، کامیان باس بکەم. دەرد و ناسۆر و پەژارەکان هەموو دەوریانداوم. هەر کامیان دەیهەوێ زووتر باسی ئەو بکەم. سەرەتا لە خۆمەوە دەستپێبکەم.

من لاوێکی خەڵکی کوردستانی دابەشکراوم. نازانم چەن ڕۆژی تر، سینگی منیش دەبێتە ئامانجی پێکانی گوللەی یەکێک لەبەکرێگیراوانی داگیرکەرانی وڵاتەکەم. نازانم لاشەکەم بە کام کۆڵان وشەقامی کام شاری کوردستاندا، بۆ ترساندنی لاوانی دیکە، بەدوای ماشێنی سیخورمەکاندا دەبرێتە نێو گرتووخانەکان. لاشم هیچ گرنگ نییە، تەنیا ئەمەم لاگرنگە، هاواری خۆم و هاووڵاتیـانم بە گوێی دونیـا بگەیەنم، تا بزانن نەتەوەی کورد چۆن بۆ گەیشتن بە ئازادیی، سینگـی لاوەکانی کردووەتە بەرگر و قەڵخان، کەچی هێشتا بێبەشە لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ، واتا ئازادی. ببیسن شیوەنی دڵی هێلانە بابردووی من و، هاواری ڕەشمەپساوی دەیان ملوێن لاوی کوردی لەبیرکراوی ئەم سەردەمە، کە تەنیا بۆ وەدەستهێنانی مافە سروشتییەکان، هەموو ڕۆژێ بە پەتکی سێدارەکانەوە هەڵدەواسرێن. ببیسن هاواری لاوانی نیوەگیانـی کورد کە لە نێو گرتووخانەکاندا هاوارتان لێدەکەن و یارمەتیتان لێدەخوازن. گوێڕاگرن بۆ شیوەنی دایکانی جەرگبڕاوی کورکوژراو. هاواری ئەو باوکە دەسقڵیشاوانە ببیسن کە ڕژیمەکانی دژ بە مرۆڤایەتیی، بۆ دانەوەی لەشی بێ گیانی ڕۆڵە کانیان، داوای دراو و شیرینیان لێدەکەن. ببینن ئە سرینی تازەبووکی مێردکوژراو، کە لە سەر گڵکۆی مێردی ناکامی دە ڕێژێ.

ئێوە بەویژدانی مرۆڤایەتیتان سوێند دەدەم، هاواری مەحزوونی ئەم گەلە ببیسن و ویژدانتـان ببزوێنن. مەگەر ئێـوە پارێزەرانی مافی مرۆڤ نین؟

ئەی بۆ لە ئاست ئەو هەموو زوڵم و چەوسانەوە و کۆمەڵکوژی و ژێرپێنانی مافەڕەواکانی مرۆڤ بە دەستی ئەم داگیرکەرانە، چاوتان چوقاندووە و بێدەنگن؟ تا کەی دەبێ ئێسکی سەری لاوانی کورد سندووقی زێڕی ئەو زەحاکانە و پیاڵەی شەرابی ئەو مرۆڤە گورگ خوێانە بێت؟ بە کام تـاوان؟!

**بۆ مەگەر کورد کوندە کە هە ر دە بێت وێرانــە بێت هێلانەکەی؟!**

بێدنگیتان تاوانێکی زۆر گە ورە یە. ئاخر بۆ دەبێ هەتاوی تەمەنی لاوانی کورد بەدەستی چەپەڵی ئەو خوێنڕێژانە ئاوا ببێت؟! لە کۆتایی هەشتاکاندا، سەد و هەشتا هەزار کورد لە باشووری کوردستـان بە فەرمانی ڕژێمی لەنێوچووی بەعس بێسەروشوێن **(ئە نفال)** کران. لە شاری هەڵەبجە، پێنج هەزار کورد، لەژێر بۆمبارانی کیمیاییدا بوونە قوربانیی. لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە فەرمانی خومەینی خوێنڕێـژ، سەدان لاوی کوردی بێتاوان، بێلێکـۆڵینەوە لەسێدارە دران. لە باکووریش، بە فەرمانی ئەتاتورکی خوێنمژی دژ بە کورد، جیا

له سێدارەدان و کوشت و بڕی لاوەکان، پێـنچ هەزار گونـدی کوردسـتـانی خاپور کرد. له ڕۆژئاواش هه ربەو شێوەیه، هەزاران کورد بوونه سووتەمەنی ڕێبـازی ئازادیی کوردسـتـان. ئەو هەموو خوێن و کوشتن و بڕینه، بۆ سەلماندنی بوونی نەتەوەیەک بەناوی کورد و ولاتێک به ناوی کوردستان، بەس نییه!؟

ئایا دەکرێت لەئاست ئەو هەموو تاوان و بێویژدانییانه چاو بنووقێنین!؟ ئایا دەبێت ئەو هەموو چارەڕەشییه لەبیر بکرێت؟! مەگەر دەتوانرێت گوێ له ئاست ئەو هەموو هاوارانه کپ بکرێت؟!

بێدەنگیتان بشکێنن و بەفەرمانی ویژدانتان مەهێڵین چیتر دایکانی کوردستان، جەرگسووتاوی ڕۆڵەکانیان بن. وەرن قۆڵی هیمەت هەڵماڵن، تا هەتاوی درەوشـانی ئازادی له ئاسمانی کوردسـتـانیش دەرکەوێت. هەتاوێک که تیشکەکانی بۆ چیا و دەشت و دۆڵەکانی کوردستـان بێت، نەک بۆ سەر لاشەی بێ گیان و خوێناویی ڕۆڵەکانی ئەم ولاته. هەوڵبدەین گوڵەسوورەکانی کوردسـتـان، تاجەگوڵینه یەک بێت بۆ سەری بووکان، نەک بۆ سه ر گڵکۆی لاوەکانمان.

**چاوەڕوانی هەتاوی ئازادیی کوردستان**

**ئاریا موکریانی.**

## بەیاننامەی ٦٥ کەس له چالاکانی بواری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ له کوردستان، سەبارەت به گرفتی (مین!)

تەقینەوەی مین و، تۆڕی چێیندراوی مین له ڕۆژهەلاتی کوردستان، که لەسەردەمی جەنگی عێراق – ئێراندا لەنێو کێڵگه و دەشت و مەزرا و چیاکانی کوردستان بەجێماون، دڵەڕاوکه و پەژارەی بەردەوامی بۆ دانیشتووانی بەشێکی زۆر له گوندنشینەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێکهێناوه. ماوەی ١٨ ساڵه، به ملیۆنان مینی چیندراو هەڵنەگیراونەتەوه. بەهۆی کەش و هەوا و سروشتی تایبەتی کوردستانەوه، بەشێکی زۆر له مینەچێندراوەکان لەجێی خۆیان خزاون و، دۆزینەوەیان کارێکی زۆر دژواره. لەبەر ئەوه پێویسته بەرپرسان بایەخ و گرنگی زیاتر بەم کێشەیه بدەن.

بوونی ملیۆنان مینی چێندراو، بەو شێوه بەربلاوه لەنێو کێڵگەکانی کوردستان، ڕێژەی زیانی دارای و گیانیی بردووەته سەرێ، لەبەر ئەوه دانیشتووانی ئەو نێوچانه، لەڕووی دەروونییەوه، له پەژاره و دڵەراوکێی بەردەوامدان. دابینەکردنی ئاسایش و نەبوونی هەستی بەرپرسارێتیی بەرامبەر گیانی هاوولاتیان، ڕاستەوخۆ بەمانای پێشێلکردنی مافی شارومەندیی دانیشتوانەکەیەتی.

**بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵی نەتەوه یەکگرتووەکان، ١٦/٠٠٠/٠٠٠ (شانزه ملیۆن) مینی چێندراو له ئێراندا هەیه و، ڕۆژی ٢/٢ کەس دەبنه قوربانیی. پتر له ٧٠% ی ئەم مینانه، له کوردستان دایه و، تا ئێستا بەهۆیەوه سەتان مرۆڤی کورد بوونەته قوربانی و، به هەزاران کەسی دیکەش بریندار و کۆڵەوار بوون.** ئەمەش له کاتێکدایه، بەپێی یاسای بنچینەیی ئێران، **"دەوڵەت، بەرپرسیاره له پارێزگاریکردنی گیان و ماڵ و ئاسایشی هاوولاتیان"**. سەرەڕای گوێنەدانی دەولەت بەو بەنده له یاسای بنچینەیی ولات، گەلێک جاریش، دانیشتووانی کوردستان و دەزگەکانی کۆمەڵایەتی و، ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ له کوردستان، ناڕەزایەتیی و سەرنجی خۆیان بەگوێی کاربەدەستان گەیاندووه، بەلام دیسان لەلایەن دەوڵەت و بەرپرسانەوه، هیچ هەنگاوێک هەڵنەگیراوه و، خەڵک، لەباتی کردەوه، تەنیا تەنیا واده و بەڵێن و درۆشمیان له کاربەدەستان بیستووه. ئەو درۆشمدان و بەڵێنانەش، زۆر جار لەکاتی هەڵبژاردن و، بۆ کرکردنەوەی دەنگ، به خەڵک دراون، پاشان هەموو بەڵێنیکیان لەبیر خۆیان بردووەتەوه. لەبر ئەوه، تائێستا بەشێوەیەکی بنەڕەتیی هیچ کارێک نەکراوه. مین و بۆمبای چیندراوی ژێرزەوینیش، هەرکات و ڕۆژێک گیانی مرۆڤێک لەنێودەبات، دەست و قاچی کەسێک دەقرتێنێ و کۆڵەواری دەکات.

بەم بۆنەوه، ئێمه، کۆمەڵێک له چالاکانی بواری کۆمەڵایەتی و، مافی مرۆڤ له کوردستان، خوازیاری تێکۆشینی بەپەلەی کاربەدەستانی ئێرانین و، داوادەکەین سەبارەت به دەرهێنان و کۆکردنەوەی گۆڕەپانەکانی مین له کوردستان، بڕیاری بەکردەوه بدەن و، ئەم چەند خاڵەش بۆ جێبەجێکردنی هەرچی زووتری داواکارییەکانمان، دەخەینەڕوو:

**١)- له ستانەکانی سنه و ورمێ و ئیلام و کرماشان، کۆمیتەی تایبەت بەکێشەی مین له کەسانی پسپۆڕ وشارەزا پێک بێت.**

**٢)- بووجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکە پەسند بکرێت.**

**٣)- ئەو نێوچه و مەڵبەندانەی مینڕێژ کراون، بۆ ئاگادارکردنی هاوولاتیان، چواردەوریان تەلبەند بکرێت و، تابلۆی ئاگاداریی لێدابنرێت.**

**٤)- هەنگاوی بەپەله لەبابەت کۆکردنەوه و خاوێنکردنەوەی نێوچه مینڕێژکراوەکان و، تۆڕی تەقینەوه، هەڵبگیرێت. ئەو شوێنانەی لەپێشدا**

پێویستیان به سڕینەوه هەیه، وەک پێگه سەربازییه چۆڵکراوەکان، زووتر پاک بکرێنەوه.

٥)- سەبارەت به پێکهێنانی NGO لەپێوەند لەگەڵ کۆکردنەوەی مین، پەله بکرێ و، هاوکاریی پێویست له گەڵ چالاکڤان و هەڵسووڕاوان و ڕێکخراوەکانی نادەولەتی بکرێت. هەروەها پێداویستی و، کەرستەی پێویست دابینبکرێت بۆیان و، پشتگیریی بکرێن.

٦)- دەولەت، بەمەبەستی پێشگرتن له بلاوبوونەوه و شۆڕبوونەوەی مینەکان، له بەرزاییەکانەوه بۆ پێدەشت و کێڵگەکان و بۆ نێو، ئاوەدانی و شوێنی ژیانی خەڵک، پێویسته کاناڵ کێشی و هێڵکاریی سنووری گۆڕەپانەکانی مینرێژکراو بکات.

٧)- ئێمه لەکاربەدەستانی دەولەت و، نێوەندەکانی پێوەندیدار داوادەکەین، لێکۆڵینەوەی تەواو سەبارەت به بارودۆخی ژیانی کوژراوان و، ئەندامانی بنەماڵەیان بکات. چۆنکه زۆربەی ئەو کەسانەی به مین کوژراون، یان کۆڵەوارکراون، لەچینی هەژار و دەستکورتن و، پێوسیتیان به بژێوی و یارمەتی دارایی هەیه.

٨) – به لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییه که زۆربەی ئەو نێوچانەی مینیان تێدایه (گۆڕەپانی جەنگ بووبێتن، یان دوور له جەنگ)، هەموویان لەسالانی ڕابوردوودا مینرێژیی کراون. لەبەر ئەوه پێویستیان به خەباتێکی بەرفره و دەستەی شارەزا و پسپۆڕ و، ڕەچاوکردنی بووجەیەکی زۆرهەیه. لەبەر ئەوه، داوا له کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین، بچێتەریزی ولاتانی "پەیمانی نێونەتەوەیی ئۆتاوا" و ببێت به ئەندام لەو ڕێکخراوه جیهانییەدا!

١- محمد صدیق کبودوند
٢- اجلال قوامی
٣- امیر بیگی زاده
٤- سامان رسولپور
٥- زینب بایزیدی
٦- جلال حاجی زاده
٧- رحمت شخصی
٨- کیوان فرهمندی
٩- شهاب الدین شیخی
١٠- قاسم احمدی
١١- سعید ساعدی
١٢- قهرمان کریمی
١٣- فواد صنعتی
١٤- بهرام ولد بیگی
١٥- حسین احمدی
١٦- هوشنگ محمدی
١٧- تونیا کبودوند
١٨- علی بیژەفر
١٩- سید هدایت هاشمی
٢٠- محمد داور
٢١- اسماعیل جانی
٢٢- خالند محمودیان
٢٣- مسعود بیننده
٢٤- بهزاد خوشحالی
٢٥- امین سرخابی
٢٦- امیر عبدالهی
٢٧- امید احمد زاده
٢٨-مصطفی احمدزاده
٢٩- طاهر خدیو
٣٠- فواد لطفی فر
٣١- یونس قربانی فر
٣٢- ئاوات باریکیان
٣٣- سیران سعدی
٣٤-ابراهیم قربانی
٣٥- حامد چاوشینی
٣٦- دکتر فریدون نوری
٣٧- علی رضا خانی
٣٨- کیومرث خزلی
٣٩-حسن عزیزی
٤٠- رحیم، واحدی
٤١- عبدالله دلشاد
٤٢- حسن سلاح سوران
٤٣- جمشید مظفری
٤٤- مصطفی ساوه
٤٥- فاضل ولیان
٤٦- هدایت ولیان
٤٧- اسد اله محمدی
٤٨- آزاد حاجی آقایی
٤٩- فرهنگ سلطانی
٥٠- محمد کمانگر
٥١- صلاح الدین خدیو
٥٢- صلاح چلبیانی
٥٣- سعدون مازوچی
٥٤- عبداعزیز مولودی
٥٥- شفیع بهرامیان
٥٦- مولود بهرامیان
٥٧- عزیز ابراهیمی
٥٨-حامد فرازی
٥٩- مصلح توحیدی
٦٠- خسرو کرد پور
٦١- مسعود کردپور
٦٢- دکتر حسن شیخ آقایی
٦٣- محمود پدرام
٦٤- محمد شیرکو حسن پور
٦٥- محمد بایزیدی.

# لەبیروبڕوا و پرنسیپەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوەکانی هەرەدێرینی رۆژهەڵاتی ناڤینە و خاوەنی شارستانییەت و مێژوویەکی کۆنی هەزاران سالەیە. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی لەسەر خاکەکەی کوردستان، ژیاوە و لەسەری دەژی. لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و، کۆتایی و ئاکامەکانی شەڕی دنیاگری یەکەم، کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، لەنێوان حکوومەتەکانی شۆڤێنیست و دیکتاتۆری ئێران و عێراق و ترکییە و سوورییە و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو دابەشکرا. خەباتی نەتەوەی کورد لەوساتە بەملاوە پێی نایە دۆخێکی دژوار و نابەرامبەرەوە و، بە دەیان راپەڕینی یەک لەدواییەکی بەمەبەستی رزگارکردنی خاک و نیشتمانەکەی بەرپا کردووە. داگیرکەرانی کوردستان، جیا لە داگیرکردنی خاکی کوردستان، بەپێی سیاسەتێکی هاوبەش، دەستیانداوەتە ژێنۆساید و تاڵانوبڕۆی سەروەت و سامان و کانزاکانی و، سووتاندن و چۆڵکردنی نێوچەکانی کوردستان و بێبەشکردنی کورد لەسامانی و، دەرکردنی لەسەر نیشتمانی باوباپیرانی.

دینەمۆ و بزوێنەری هەموو رابوون و بزاڤێکی نەتەوەی کورد، چ لە کۆن و چ لە ئێستا، لە نێوەرۆکی خۆیدا، بەمەبەستی رزگاری و سەربەستیی بووە و، هێنانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژی دیکە نەیتوانیوە و ناتوانێ، ئەو راستییە مێژوویە لەروخسار و نێوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.

ناکۆکیی سەرەکی و بنەڕەتیی لە کوردستان، لەنێوان داگیرکەران و، نەتەوەی کورددایە و، ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی رژێمەکان، یان بە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی دێمۆکراتیکی وڵاتە داگیرکەرەکاندا چارەسەر ناکرێت. لەسەر ئەم بناخەیە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، گرێدان و بەستنەوەی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی داگیرکەران، لەلایەن پارتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەلادانێکی ئاشکرا لەپرنسیپی کوردستانیی دەزانێ و، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوە شێوە خەباتە چ قازانجێکی بۆ نەتەوەی کورد و کێشەکەی تێدا نییە و نابێت. تاکە رێگە، پچڕانی دەسەڵاتی داگیرکەرانە لە کوردستان و، سڕینەوەی ئاسەواری پاشکەوتوویی و، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە لەسەرتاسەری خاکی کوردستان.

## لەم روانگەیەوە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەپێناو ئەم ئامانجانەدا تێدەکۆشێ!

- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بەکورد بزانێ و، کوردستان بە موڵک و خاکی خۆی بزانێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لەپێناو پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد. دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بەرێگەی دیپلۆماسی و، سازکردنی زەوینەی راپرسییەکی سەرتاسەریی (رفراندۆم) لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچە و مەڵبەندانەی کە بەپێی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکردن و بە فارسکردن و، بە ترککردنی کوردستان، لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان دابڕاون!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ دابینکردنی دێمۆکراسی و یەکسانیی لەسەر بناخەی بڕوابوون بە پلۆرالیزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و ئازادانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانەی ئەوتۆ، کە شیاوی مرۆڤی ستەمدیدە و خۆڕاگری کوردبێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان رێز و مافی یەکسان وەک هاووڵاتییەکی کورد، بۆ ئەو کەمینە نەتەوانە دادەنێت کە پێشینەیەکی کۆنی هەزارانساڵەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانیی دەزانن!**

Bi wê adres pêwendIî legel serokayetîya kongrey Nîstmanîya Kurdistan bogre!

P. B. ٦٠٧, London
N W ٨ O D T, U. K.
Tel; ٠٠٤٤ – ٢٠٨ ٧٤٨ ٧٨ ٧٤
Fax; ٠٠٤٤ – ٢٠٨ ٧٤١ ٦٤ ٣٦

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

---

**ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!**

**Tele; ٠٠٤٩ – ٨٢ ٣٣ ٨٠ ٦١**
**Fax; ٠٠٤٩ – ٨٢ ٣٣ ٦١ ٢١**
**E-post; KNC@ribrahim.de**

---

**Bi wê adres name û gotar û pêsnyaza xwe bo kongre bisîne**

**KNC**
**P. B. ٢٠٥ Holmlia**
**١٢٠٤ Oslo, Norway.**
**Fax; ٠٠٤٧ – ٢٢ ٧٥ ٣٠ ٩٥**

**نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!**

---

**Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî û Netewey Kurde!**
**Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!**

**Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin;**
**Sîrwan Kawsî**

**"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!**

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی ڕاگەیاندن:
سیروان کاوسی

---

**ئەدرەسی سایتەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!**

**کۆنگرە ئینگلیزی:** www.knc.org.uk
**کۆنگرە (کوردی):** www.kncscandinavia.com
**ڕادیۆ ڕۆژاڤا:** www.rojavatv.org.uk
**حکوومەتی ڕۆژاڤای کوردستان:** www.western-kurdistan.com
**سایتی دوکتۆر جەواد مەلا:** www.jawadmella.net

**گوێ لە بەرنامەکانی ڕادیۆ ڕۆژاڤای کوردستان بگرن!**

**ڕادیۆ ڕۆژاڤا، ٢٤ سەعات بە کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی، ترکی و فارسی، لەسەر**

Dijital TV Satellite

**لەلیستی ڕادیۆ، بەنێوی:**

ROJAVA KURDISTAN

**بەم ئەدرەس و فرەکانسە بڵاودەبێتەوە:**

Satellite Hotbird ٣, ١٣ E, Freq. ١٢٢٠٧ H – Symbol Rate; ٢٧٥٠٠, Trans.Nr. ٧٥